

WWW.JINEFTIN.KRD

# ڕەهەند:
# لە پرۆژەی ڕۆشنگەریی لیبراڵەوە بۆ پەراوێز و پارادۆکسەکانی بیرکردنەوە

پێشڕەو محەمەد

ماڵپەڕێکی هزری و کولتوورییە

# پێشەکی

چۆن بتوانین باس لە ڕۆڵی ڕۆشـــنبیران لە کۆمەڵگایەکدا بکەین دەســـتوپەنجە لەگەڵ کۆمەڵە کێشەیەکی کولتووری، سیاسی، ئابووری، هزری و دەروونی نەرم دەکات کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە، ســـەرەڕای خاڵە هاوبەشـــەکانی لەگەڵ مێژووی مرۆڤی جیهانی، نەیتوانیوە بەشـــێکی زۆر لەو گوتار و دیاردانە تێپەڕێنێت کە بە نزیکەیی هەزار ســـاڵ بەرۆکی کۆمەڵگا خۆرئاواییەکانی گرتبوو؟ لە ســـاڵی ٢٠٠٣ بەدواوە عێراق بەگشـــتی و کوردســـتان بەتایبەت بوو بە ناوچەی ئارامی تاقیکردنەوەی تیۆری نیۆلیبرالیزم، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ڕۆشنبیرانی کورد و گرنگیی پێگەیان لەناو ئەو قۆناغە تازەیەدا چی بوو؟ ڕۆشـــنبیرانی کوردســـتان چۆن لە پرۆســـەی دیموکراتیزەکردنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی ڕۆشـــنبیرانیان دەڕوانی؟ بە مانایەکی دیکە، هەڵوێســـتیان بەرانبەر بە دیموکراتیزەکردنی بەرهەمهێنانی مەعریفە لە کۆمەڵگایەکی داڕووخاودا چی بوو؟ ئەمانە کۆمەڵە پرســـێکن لە ڕۆڵی ڕۆشـــنبیران بەگشـــتی لە کۆمەڵگادا، بەڵام تا ئەو شـــوێنەی پەیوەندی بە پرۆژەی ڕەهەند و گۆڤاری ئەو کۆمەڵە ڕۆشـــنبیرەوە هەیە کە لە دەوری بازنەی ڕەهەند کۆ بوونەوە، ســـەرەڕای ئەم پرســـانەی ســـەرەوە، زۆر پرســـی دیکەی بنچینەییش ســـەر هەڵدەدەن: ئەو مۆدێلی مەعریفەیە (ئەگەر مۆدێلێکی دیاریکراویان هەبووبێت) کامە بوو؟ لە کاتێکدا بەشـێکیان دەیانویسـت بەرگری لە ڕۆشـنگەری بکەن، کەچی زۆربەی جار دەکەوتنە بەرەی دژە-ڕۆشـــنگەرەکانەوە. لە لایەکەوە باســـیان لە نەبوونی عەقڵ لە سیاسەت و بیرکردنەوەدا دەکرد، کەچی پەنایان بۆ ڕۆشنبیرانی دژە-عەقڵانی دەبرد. ئەگەرچی ڕەنگە نەتوانین خاڵێک یان هێڵێکی دیاریکراوی بیرکردنەوەیان دیاری بکەین، وەک چۆن خۆشـــیان لەو چاوپێکەوتنانەی ژنەفتن لەگەڵی ئەنجامی داون، ئاماژەیان پێ کردووە، بەڵام دەتوانین سەرسامبوونیان بە پۆستمۆدێرنیزم وەک خاڵ و

هێڵی هاوبەشی بیرکردنەوەیان دەست پێ بکەین. ئەگەرچی لەمەشدا هەریەکێک لەوان بەرەو لایەکی پۆستمۆدێرنیزم وەردەچێت: چەپ، ڕاست، ناوەڕاست. ئایدیای دژە-سیاسی و دژە-ئایدیۆلۆژی یان سەردەمی کۆتایی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا، خاڵێکی دیکەی هاوبەشیانە، بەڵام ئەمەش لە سەرچاوەی جیاوازەوە دێت.

جگە لەوە، لەم ساڵانەی دواییدا هەریەکێک لەو ڕۆشنبیرانە – ئێستا پەرتەوازە و بە ڕادەیەکیش لەڕووی شەخسییەوە دژبەیەکن، بەڵام بێگومان نەک لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە – بەرەو بەکارهێنانی ئایدیالەکانی چەپ وەرچەرخابوون، بەو مانایە لەگەڵ وەرچەرخانەوەی جیهان بەرەو ئاراستەی چەپ، بەشێک لەو ڕۆشنبیرانەش پەنایان بۆ ئایدیالەکانی چەپی لیبراڵ، مارکسیست، پۆست-مارکسیست یان نیۆ-مارکسیست برد. سلاڤۆی ژیژەک و ئەنتۆنیۆ گرامشی وەک دوو بیرمەندی چەپ و مارکسیست لەم نێوەدا دەوەستن. لەبەر ئەوە، پێویستە باس لەوە بکەین چۆن هەڵوێستی گرامشی دەربارەی ڕۆشنبیران و بلۆکی مێژوویی – ئێستا لەلایەن بەشێک لە ڕۆشنبیرانی بازنەی ڕەهەند بۆ ئامانجی ڕاسترەوی بەکار دەهێنرێت – پەیوەندی بە دیاریکردنی جیاکارییەکانی ئەو بۆ ڕۆشنبیرانی نەریتی و ڕۆشنبیرانی ئۆرگانییەوە هەیە کە لە شیکاری و بەکاربردنەکەی ئەو بازنەیەی ڕەهەنددا لە سیاقی خۆی دەردەهێنرێت و بەرگێکی لەبەردەکرێت پەیوەندی بە گرامشیی مێژووییەوە نییە. خاڵێکی دیکەش کە زۆربەیان دەخاتە ناو بازنەی بیری کۆنزەرڤاتیڤی دژە-ڕۆشنگەرییەوە، هەڵوێستیانە بەرانبەر بە بزووتنەوەی جەماوەری. لەبەر ئەوە، بەگوێرەی پێویست لەم توێژینەوە کورتەدا ئەم پرسانە بەسەر دەکەینەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بڵێم کە ئێمە خۆمان سنووردار ناکەین بۆ نموونەی زۆر کۆنکریتی و گەڕانەوەی ورد بۆ سەرجەمی نووسراوەکانیان ناگەڕێینەوە، چونکە بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەی فراوان و سەربەخۆ و کاتی زۆرمان پێویست دەبێت. لەبەر ئەوە، ئەوەندەی بتوانین هێڵە گشتییەکانی

پرۆژەکەیان دیاری دەکەین و پاشـان لەڕووی کۆنکریتییەوە ئاماژە بە هەردوو پرسـی «ڕۆشـنبیران»، «سـیاسـەت» و «ئایدیۆلۆژیا» دەکەین. هەروەها پرسـێکی دیکەش، کە بەختیار عەلی لە چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ ژنەفتن ئاماژەی پێ کردووە، کورتکردنەوەی پرسـی ژن بۆ پرسـی مرۆڤ بە گشـتی و تێکەڵکردنی پرسـی گۆڕانی کەش و هەوا و ژینگە لەگەڵ سـروشـت وەک دیمەنی سـروشـتیی شـاخ و داخ و دۆڵ و دەشـت. جگە لەوەش توێژینەوەکەمان تەنها بۆ دوو نوێنەری سـەرەکیی ئەم بازنەیە تەرخان دەکەین، بەختیار عەلی و مەریوان وریا قانع، بەهۆی ئەوەی هەم لە دوای وەسـتانی گۆڤارەکە لە چالاکیی ڕۆشـنبیری بەردەوام بوون و هەمیش ناکۆکییەکانی ئەم سـاڵانەی دواییان ئاسانکارییەکی ڕێژەیی بۆ خوێنەران و ڕەخنەگران دەکات زیاتر لێیان تێبگەن.

پێش دەسـتپێکی بابەتەکە دوو خاڵ هەیە بە خێرایی ئاماژەیان پێ بکەم، یەکەم، ئەوەیە کە لە پرسـی ڕۆشـنگەرییدا، بۆ ئەوەی هەڵوێسـتی – هەڵبەت نایەکگرتوو –ی ئەو ڕۆشـنبیرانەی بازنەی ڕەهەند بۆ خوێنەر ئاوەڵاتر ببێت، ناچار بووم چەند برگە و پەرەگرافی تیۆری–مێژووی بنووسـم کە سـەرەتا پەیوەندیی ڕاسـتەوخۆی بە بازنەی ڕۆشنبیرانی ڕەهەندەوە نییە. دووەم، سەبارەت بە پرسی قۆناغبەندی، وەک لە کۆی ئەم نووسینەدا دەردەکەوێت، ئاسان نییە پۆلێن و قۆناغبەندی بۆ ئەو ڕۆشنبیرانە بکەین کە لەو بازنەیەدا چالاک بوون و ئێسـتاش چالاکن، چونکە خاوەن گوتارێکی یەکگرتووی فیکریی نین. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بە خێرایی هەندێک سەرەداو بەدەستەوە بدەین. لە نەوەدەکان و دەستپێکی بازنەکەدا، بەهۆی نزیکبوونەوەیان لە کتێبخانەی فارسی (وەک ڕێبین هەردی لە چاوپێکەوتنی ژنەفتندا ئاماژەی پێ کردووە) دەسـتیان بە سـەرچاوەی هەندێک لە پۆسـتمۆدێرنیسـتەکان دەگات، سـەرەتاکانی تیۆری دژە–مارکسـیسـتیی دادەڕێژن. کە دێینە ناو دووهەزارەکانەوە، هەریەکێک لە ڕۆشـنبیرانی ئەو بازنەیە – هێشـتا لەناو پۆسـتمۆدێرنیزمدا – ئاراسـتەی جۆراوجۆر دەگرن، یەکێک بەرەو

نیۆلیبرالیزم، یەکێکی دیکە بەرەو تیۆری ڕەخنەیی و یەکێکیش بەرەو کۆنزەرڤاتیڤیزم. لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕان و دەرکەوتنی چەپی نوێی پۆست-مارکسیست لە کوردستان لە ڕێگای ئێرانەوە، بەتایبەت ژیژەک، ئالان بادیۆ و لاکلاو، ئەم بازنەیە زیاتر دابەش دەبێت و بەختیار عەلی بەرەو جۆرێک چەپی نامارکسیست دەڕوات و لەوێوە ململانێکانی لەگەڵ مەریوان وریا قانع دەست پێ دەکات، بەتایبەت ناکۆکییان لەسەر شیکردنەوەی پرسی فاشیزم، ڕووداوەکانی ڕۆژاڤای کوردستان و هتد.

دوو؛ ئەمەش دوو کێشەی زۆر بنچینەیی دەخاتە بەردەم هەر خوێنەر، ڕەخنەگر و لێکۆڵەرێک، بەهۆی نەبوونی چوارچێوەیەکی ڕوونەوە لە دەستپێک و دوای دابڕانیش، نەتوانن بەئاسانی شوێنیان دیاری بکرێت. جارێک وەک پۆستمۆدێرنیست ڕەخنە ڕەت دەکەنەوە، جارێک وەک لیبراڵ، جارێک وەک چەپ، جارێکیش وەک کۆنزەرڤاتیڤ. کێشەی یەکەم نەبوونی میتۆدێکی دیاریکراوی زانستییە بەو مانایە تۆ بتوانیت هێڵێکی بیرکردنەوە بگریتەبەر و ئاراستەی لێکۆڵینەوەکەت دیاری بکەیت، لە نووسراوی هەر یەکێک لەو بازنەیەدا دەیان میتۆد و هێڵی فیکری – زۆرجار بە شێوەی نازانستی – تێکەڵ کراون سەر لە خوێنەر دەشێوێنێت. و دووەمیش پرسی بەکارهێنانی زمان و ڕیتۆریک و بەلاغە. ئەمە وای کردووە چەمکەکان هێندە خز و نەگیراو بن بە هیچ شێوەیەک شایانی ناسینەوە نەبن، واتا ئاماژەکردن بە هەر چەمکێک لە نووسراوی ئەواندا مەترسی ئەوەی لەسەرە بەوە ڕەت بکرێتەوە کە مەبەستیان ئەو شتە نییە ڕەخنەگر یان خوێنەر باسی کردووە. مادام هەموویان بە فراوانی پشت بە بیرکردنەوەی خۆرئاوایی دەبەستن، پێویست بوو لە کاتی گواستنەوەی چەمک و بیرۆکەکاندا، سەرچاوە یەکەمەکان و چەمکەکان بەو زمانە دابنرێنەوە تا خوێنەر و ڕەخنەگران هەم بزانن مامەڵە لەگەڵ چیدا دەکەن و هەم ئەگەر ویستیشیان بگەڕێنەوە سەر سەرچاوە

یەکەمەکان ئاسانکارییان بۆ بکرێت، ئەمە لای ڕۆشنبیرانی بازنەی ڕەهەند بە فراوانی غائیبە.

## لە پرۆژەی ڕۆشنگەریی لیبراڵەوە بۆ دژە-ڕۆشنگەری

یەکێک لەو گوتارانەی ڕۆشنبیرانی بازنەی ڕەهەند بە فراوانی و بەردەوام بەکاریان هێناوە، (گوایە) بەرگریکردنیانە لە پرۆژەی ڕۆشنگەری. واتا هەر توێژەر، نووسەر و خوێنەرێک دەتوانێت بە فراوانی شوێنپێی چەمکی ڕۆشنگەری لەناو ڕۆشنبیرانی ئەم بازنەیەدا هەڵبگرێتەوە (بۆ نموونە تەنانەت وتارەکەی ئەمانوێل کانت بە ناوی 'ڕۆشنگەریی چییە' بەختیار عەلی لە عەرەبییەوە – یان فارسییەوە – وەرگێڕاوە بۆ کوردی). جگە لەوەی تێگەیشتنێکی یەکگرتوو، چوونییەک و ڕوونمان بۆ پرۆژەی ڕۆشنگەری دەست ناکەوێت، بەڵام جێی خۆیەتی، پێش ئەوەی باس لە سەرهەڵدانی ئایدیای دژە-ڕۆشنگەری بکەین، سروشتی ئەو ڕۆشنگەرییە دیاری بکەین کە ڕۆشنبیرانی ئەو بازنەیە لایەنگری بوون.

ڕۆشنگەری وەک پرۆژەیەکی ڕادیکاڵی ڕەتکردنەوەی سەرجەمی بەها کۆنەکانی چەند هەزارساڵی ڕابردوو، بە دیاریکراوی لەناو بەشێک لە بیرمەند و ڕۆشنبیرانی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕی فەڕەنسی و لە ناویاندا ژان ژاک ڕۆسۆ و ئەوانی دیکە سەری هەڵدا. بەڵام بەبێ گومان پرۆژەی ڕۆشنگەری وەک هەوڵێک بۆ گەڕاندنەوەی سەروەریی مرۆڤ، ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی خوا لە بەڕێوەبردنی مرۆڤدا، بانگەواز بۆ ئاشتەوایی جیهان، هەوڵ بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کۆیلایەتی و دامەزراندنی چەمکەکانی «کەرامەتی مرۆڤ» و «کەرامەتی کار» و پاشان هاندانی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری خوارەوەی کۆمەڵگا دژی دەسەڵاتدارە نوخبە ئەریستۆکرات، فیودال و ڕۆحانییەکان، هەر لە

ڕۆژگاری خۆیدا ڕووبەڕووی ڕەخنەی کوشـــــندە و توند بووەوە. لەگەڵ شـــــۆڕشـــــی فەڕەنســـییدا نەیارانی ڕۆشـــنگەری و شـــۆڕشـــەکە لەنێو خوێندەوارترین ڕۆشـــنبیرانی کۆنزەرڤاتیڤ، هەرە دیارترینیان، ئێدموند بێرک (١٧٢٩-١٧٩٧) و ژۆزێف دو مایســـــتە (١٧٥٣-١٨٢١) لە دیارترین نوێنەرانی ئەو بیرمەندانە بوون پەلاماری هەر شتێکیان دەدا مۆدێرن، ڕۆشـــنگەر و پاڵنەری شـــۆڕشـــی فەڕەنســـی بووبێت. بە کورتی، ڕۆشـــنگەریی ڕادیکاڵ و شۆڕشی فەڕەنسی، بە دیاریکراویش حوکمە جەماوەرییەکەی شۆڕشـەکە بە ڕابەرایەتی ڕۆبســـپێر، خاڵی هاوبەشـــی دژە-ڕۆشـــنگەرەکان بوو. کتێبی «چەند ڕامانێک دەربارەی شـــۆڕشـــی فەڕەنســـی» (١٧٩٠) نووســـینی بێرک و «چەند ڕامانێک دەربارەی فەڕەنســـا» (١٧٩٦) نووســـینی دو مایســـتە، دەبنە مانیفێســـتی ســـەرجەمی ڕۆشـــنبیرانی کۆنزەرڤاتیڤ لەو قۆناغەدا و هەر زوو بۆ زمانە جیاوازەکان وەردەگێڕدرێن.

سـەرەڕای ڕەتکردنەوەی شۆڕشـەکە بە ڕەهایی، نیشانەی یەکەمی هێرشـەکەی ئەوان، لە ڕاســـــتیدا حوکمی ژاکۆبنەکانە، لای دو مایســـــتە، شـــــۆڕشـــــەکە، «وچانێکی کەلەڕەقی دڕندانە»ی ناو مێژووی نەتەوەیی بوو. شۆڕش سزایەک بوو بەسەر خەڵکدا باری. وەک «تەمێکردنێکی خوایی» شۆڕش فەڕەنسای خاوێن کردبووەوە. دو مایستە بە دانانەوە و جێگرکردنەوەی مێژووی خۆی لە ڕوانگەی زاراوەی حوکمە یەزدانییەکـانەوە، دەنگدانەوەی ڕوانگەی بێرک بوو بۆ نێو خەســـــڵەتی خۆ-شـــــیفابەخشـــــی وەهمی شـــــۆڕشـــــگێری[1]. بێرک پێی وایە لای ژاکۆبنەکان، شـــــۆڕش خۆی، «تەنها ســـــزایەکی ســـــەرکەوتنیان» بوو. گومانی تێدا نییە لیبراڵەکانی دەیەی ١٨٣٠ و ١٨٤٠، ئەم تێزەی بیرمەندە کۆنزەرڤاتیڤەکە دەکەنە دروشمی هێرشـەکانیان بۆ سـەر شۆڕشی فەڕەنسـی[2].

---

[1] بۆ ڕوانگەی دو مایستە سەبارەت بە شۆڕش و ژاکۆبنەکان و شۆڕشی فەڕەنسیی بەتایبەت، بگەڕێنەوە بۆ:
Joseph de Maistre, *Considerations on France*, translated by Richard A. Lebrun, edited and introduced by Isaiah Berlin, Cambridge University Press, Cambridge and London,1995. (Kindle Format)

[2] Edmund Burke, *Reflections on the Revolution in France,* edited by Frank M. Turner, Yale University Press, New Haven and London, 2003, pp.117-118.

هەم بێرک و هەم دو مایســـتە لەو ڕوانگەیەوە شــۆڕش ئیدانە دەکەن کە شــۆڕشـــەکە دەیەوێت حوکمی جەماوەری و خەڵک دابمەزرێنێت، لە کاتێکدا بەهۆی ئەوەی مرۆڤ بە ســـروشـــت بوونەوەرێکی خراپە، ئەوا نە توانای خۆبەڕێوەبردن و نە بەڕێوەبردنی حوکمڕانیشی هەیە. خەڵک ناتوانن حوکمی خۆیان بپارێزن، بۆیە پێویستیان بە دیسپلینی توند و ئیمانێکی بەهێز و تۆقێنەر هەیە کە هەڕەشـەی سزای قیامەتی لەگەڵدا بێت. بێرک هەروەهـا لە ئەنترۆپۆلۆژیا ســـیاســـییەکەی خۆیدا، باوەڕی بە «گوناهی یەکەم» (*original sin*) هەیە بۆ مرۆڤایەتیی و لای ئەو، ســـەرهەڵدانی حوکمی ژاکۆبنەکان تووڕەبوونی خوایە لەوەی مرۆڤایەتی لە سـروشـتی خۆی هەڵگەڕاوەتەوە. هەم بێرک و هەم دو مایسـتە، باوەڕیان بە نەریتێکی کۆن هەیە بۆ حوکمڕانی کە ڕیشـەی لە حوکمی خواوەندیدا هەیە و بێ پێچ و پەنا، پاشـــا وەک نوێنەری خوا دەزانن. لەبەر ئەوە، هەر خێرا ئـایـدیـاکـانی بێرک و دو مـایســـتە بەپـاڵ یەکەوە دەچنە نێو نەریتی بیری کۆنزەرڤاتیڤەوە کە پاشـــان دەبێتە نەریتێکی توند دژە-عەقڵانی. دو مایســـتە دەڵێت تیرۆری شۆڕشگێڕی (مەبەست حوکمی ژاکۆبنەکانە) سزای خوا بوو چونکە ڕۆشنگەری نکوڵی لە ئیمان کردبوو. کاتێک جۆگەلەی خوێن فەڕەنســـای تەنییەوە، ئەو وڵاتەدا پاک بووەوە.

هەڵبەت شـــەڕ دژی ئایدیالەکانی ڕۆشـــنگەری و شـــۆڕشـــی فەڕەنســـی و هەرســـێ دروشـمەکەی «برایەتی، یەکسـانی، سـەربەسـتی» و جەنگ دژی کۆلۆنییەکان، یەکێتیی موقەدەسی نێو هەموو بیری کۆنزەرڤاتیڤ و لیبراڵی سەدەی نۆزدەی پێک دەهێنا. بەڵام بەبێگومان ئەمە هەموو حیکایەتەکە نەبوو. ڕۆشـنبیرانێکی زۆر هەبوون لە ئەورووپا و بە دیاریکراوی لە ئەڵمانیا، بە فراوانی پێشـوازییان لە شـۆڕش دەکرد و بە فەیلەسـوفانی ڕادیکاڵی ڕۆشـــنگەری ناســـرابوون. لە نێویاندا: فریدریش هێگل، فریدریش هۆڵدەرلین، فریدریش ڤیلهێلم شـێلینگی سـەرەتا، هاینریش هاینە و کارڵ مارکس. پاشـان لە ئەڵمانیا

بەرەی چەپە هێگلییەکان دروست بوو کە بە فراوانی خۆیان بە نوێنەرانی ڕۆشنگەریی ڕادیکاڵ و بەردەوامبوونی شۆڕش دەزانی. بۆ ئەوان شۆڕشی فەڕەنسی، شۆڕشی مافەکانی مرۆڤ و هاوولاتییان، چەندین دەستکەوتی گەورەی بەدواوە بوو، ڕژێمی فیودالی و پاشایەتی بە تەواوەتی هەڵگرت، سیستەمی کۆیلایەتی لە ناوخۆ و تەنانەت لە کۆلۆنییەکانیشدا هەڵوەشاندوە، تەنانەت شۆڕشێک هیچ سازشێکی بەرانبەر بە دەرەبەگ و سەروەرەکان و کڵێسا نەدەکرد.

شۆڕشی فەڕەنسی، دەربڕین و بەرجەستەبوونی بەرەنگاریی جەماوەری بوو بەرانبەر بەو فۆرمە سەرمایەدارییانەی پێشتر وەک «ئابووریی سیاسیی ستەمکاری» (*tyrannical political economy*) لێک دەدرانەوە، و لە بەرانبەردا خواستی «کەرامەتی کار»ی بۆ ئاستی کارکردنی «ئابووریی سیاسیی خەڵک» ( *people's political economy*) بەرز کردبووەوە. شۆڕشی فەڕەنسی هەروەها ئەزموونێکی نوێی خولقاندنی دیموکراسی بوو کە دروشمەکەی بانگەواز بوو بۆ مافەکانی مرۆڤ و هاوولاتییان و وەک پێشتر باس کرا، چەمکی «کەرامەتی مرۆڤ» وەک داهێنراوێکی ئەو شۆڕشە، پریشکی خۆی فراوان کرد. ئەم داهێنراوە، واتا دیموکراسی، بە ئەرکێکی گەورە بۆ دامەزراندن و بونیادنانی حاکمییەتی جەماوەری دەناسرایەوە، کە دەیویست بوارێکی گشتیی دیموکراتی فراوان بکات، بونیادنانی دەسەڵاتێکی یاسادانانی باڵا و مافێکی هاوولاتیبوون کە ڕۆڵێکی سەرەکی لە نووسینەوەی یاساکاندا بینی. خاڵێکی دیکەی گرنگی شۆڕشەکە، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا شۆڕشی فەڕەنسی بە سەردەمی ڕزگاربوونی جوولەکەکان دەناسرێتەوە، چونکە مافی هاوولاتیبوونیان لە دەرەوەی هەموو ڕەهەندێکی ئایینی، سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە پێ بەخشرا و پرسی ڕزگاریی جوولەکە بە ماوەیەکی کەم دوای شۆڕشەکە، لە سەردەمی فراوانخوازیی ناپۆلیۆن بۆناپارتدا دەگاتە ئەڵمانیا.

بەڵام هەرچۆنێک بێت خەباتی ڕۆشـــــنگەری بووبوو بە ڕووداوێکی حەتمی و دەبوو دەستوپەنجەی لەگەڵدا نەرم بکرێت. لیبرالیزم لەم سەردەمەدا ویستی ڕۆشنگەری لەغاو بکات و کۆنترۆڵی کاروبارەکان بگەڕێنێتەوە دەســـــتی خۆی. مۆدێلێکی ڕۆشــــنگەری پێشــکەش بکات لەبری شــۆڕش، باوەڕی بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی (هەڵبەت بۆ نوخبەی خاوەن ســامان و ســەرمایەی ئەریســتۆکرات) هەبێت، لە نوێنەرە دیارەکانی ئەم ڕەوتە هەردوو بیرمەندی فەڕەنســی، ئەلێکســی دو تۆکڤیل و بنجامین کۆنســتان بوون. ئەوان ترسی خۆیان لە دیموکراسی نەدەشاردەوە، بەڵام دەشیانزانی مێژوو بە ئاراستەیەکدا ڕۆیشـــتووە ناگەڕێتەوە دواوە، کەواتە باشـــترین ڕێگا ئەوەیە لیبرالیزم نوســـخە و ڕەچەتەی خۆی بۆ ڕۆشنگەری پێشکەش بکات کە لە فەڕەنسا دوای شکستی ڕۆبسپێر و لەســـێدارەدانی، بە حوکمی ژیرۆدییەکـان نـاســـراوە، لەڕووی بـاوەڕبوون بە ڕۆشــنگەریشــەوە، خۆیان بە ڕۆشــنگەریی میانەڕەو (*Moderate Enlightenment*) ناویان دەبرد. ڕۆشنگەریی ڕادیکاڵ (*Radical Enlightenment*) پشتڕاست کردنەوە و ســەلماندنێکی ســازشــنەکەرانەی بەرگریکردن بوو لە عەقڵ؛ نەیدەویست بەپاڵ تەخت یـان میحرابەوە بژیـت. بە پێچەوانەی کەمپی میـانڕەوەوە، کەمپی ڕادیکـاڵ بە فراوانی بەرگری لە سیکۆلاریزم، دیموکراسی، ماتریالیزم، یەکسانیخوازی و هەروەها یەکسانیی جێندەری دەکردەوە. هەڵبەت مێژوونووسێکی بەناوبانگی وەک جۆناسـان ئیسـرائیل، کە بە گەورە بەرگریکاری میراتی ڕۆشــنگەری ناســراوە، ســەرەڕای ڕەتکردنەوەی کەمپی ڕادیکاڵی ڕۆشنگەری و بەرگریکردن لە کەمپی لیبرالیزم، باروخ سپینۆزا وەک پێشـەنگی ڕۆشنگەریی ڕادیکاڵ و ماتریالیست و هاوکات وەک پێشینەی ماتریالیزمی نوێی دەزانێت کە ڕۆشـــنگەرە ڕادیکاڵەکانی دواتر لەژێر عەباکەی ئەوەوە ســـەریان هەڵدا.[٣] بە کورتی، کەمپی میانەڕەو دەیویست تا ئەو شـوێنە بەرگریی لە عەقڵ بکات کە مەترسی بۆ کۆی

[3]Jonathan Israel, *Enlightenment Contested: Philosophy, Modernity, and the Emancipation of Man 1670–1752*, Oxford University Press, Oxford, 2006, p.v.

سیستەمەکە دروست نەکات، بەڵام وەک ئیسرائیلیش پشتڕاستی کردووەتەوە، کەمپی ڕادیکاڵ دەیگوت ئیشی عەقڵ ئەوەیە بە جووڵەی شۆڕشگێڕی، کۆی نەزمی کۆن قڵپ بکاتەوە و لە شوێنی نەزمی نوێ دابمەزرێنێت. ئیسرائیل لە کتێبەکەی دیکەیدا بە ناوی ***ڕۆشنگەریی دیموکرات***، دەنووسێت «سەرجەمی ڕۆشنگەری بە پەیوەندییە نزیکەکەی بە شۆڕشەوە پێناسە دەکرێت»[٤]. لەم ڕووەوە سێ دروشمەکەی شۆڕشی فەڕەنسی، کە لە مندالدانی ئایدیا ڕۆشنگەرییەکانەوە سەری هەڵدابوو، ئەوەی پیشان دا، کە ڕزگاربوون و سەربەستیی گەردوونی هەموو خەڵکی جیهان دەکرێت ڕوو بدات. تەنانەت بە غەمگینییەوە بێرک، گەورە دوژمنی شۆڕشی فەڕەنسی هاوارەکەی ڕۆبسپێری نوێنەری کەمپی ڕادیکاڵی ڕۆشنگەری پشتڕاست دەکاتەوە «کۆلۆنییەکانتان هەڵوەشێننەوە»[٥].

لیبرالیزم ئێستا کە لەوە دەترسا بەهۆی حوکمی جەماوەریی کەمپی ڕادیکاڵی ڕۆشنگەرییەوە، هەموو میراتی کۆلۆنیالیزمەکەی لەدەست بدات، چونکە کە بەتازەیی سەرمایەداری گەشەی کردبوو و وەک لۆژیکی ناوەکیی خۆشی پێویستی بە تالانی وڵاتانی کۆلۆنیزەکراو هەبوو، ناچار بوو کۆنترۆڵی ڕووداوەکان بەدەستەوە بگرێتەوە بەڵام بە دامەزراندنی کەمپێکی میانەڕەوتر. ئەوەی لەم پرۆسەیەدا ڕێگەی بۆ خۆش کرا، دواجار سەرهەڵدانی ئایدیای دژە-ڕۆشنگەری (*Counter-Enlightenment*) بوو کە وەک زییف شتێرنهێل، مێژوونووس و فەیلەسوفی فەڕەنسی باسی دەکات، لە فاشیزمی سەدەی بیستدا دەگاتە لوتکە.

دەکرێت ناو لە دژە-ڕۆشنگەری بنێین سیستەمی مێژووی بەهایی، کە تەنها ئایدیایەک نییە بڕوای وابێت گۆڕانی کۆمەڵگاکان پێویستە هێمن و لەسەرخۆ بێت و میانەڕەوانە بڕوات، بەڵکوو بەپێچەوانەوە کتومت سیستەمێکی سەربەخۆی بەهایی (کولتووری،

---

[4] Jonathan Israel, *Democratic Enlightenment: Philosophy, Revolution, and Human Rights 1750–1790*, Oxford University Press, Oxford, 2011, p.7.

[٥] بێرک، سەرچاوەی پێشوو، ل.٣١٣.

ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی) دادەمەزرێنێت پێچەوانەی هەموو ئەو ئایدیالانە بێت کە ڕۆشنگەریی ڕادیکاڵ بانگەوازی بۆ کردوون و خەباتی لە پێناودا کردوون. دوژمنێکی سەرسەختی ڕۆشنگەری وەک ژۆزێف دو مایستە، بەبێ هۆ نییە لە سەدەی بیستدا بە فراوانی دەبێتە پێشەنگی فاشیزم، بەتایبەت نوسخە ئیتاڵییەکەی. دژە-ڕۆشنگەری وەک نەریتێکی فیکری و ڕۆشنبیری نەک تەنها ڕێگای بۆ سەرهەڵدانی فاشیزم خۆش کرد، بەڵکوو هەروەها، وەک زییف شتێرنهێل، لە کتێبەکەیدا بە ناوی ***نەریتی دژە-ڕۆشنگەریی***، باسی دەکات، «ڕاپەڕینێکی خوڵقاند کە بەردەوامە لەوەی کاریگەریی قووڵی لەسەر کۆمەڵگای ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا هەبێت»[٦]. تەنانەت ئایدیای «داوەشانی کولتووری» لە فاشیزم، بزووتنەوە ڕاسترەو، ناسیۆنالیزم و کۆنزەرڤاتیڤەکانیشدا دەبەستریتەوە بە ڕۆشنگەری و شۆرشی فەرەنسییەوە. بێگومان فاشیزم سوێندی خواردبوو کە کۆی میراتی ڕۆشنگەری لەناو دەبات. بانگەشەکردن بۆ ڕۆشنگەری لەلایەن بزووتنەوە جەماوەرییەکان و مارکسیستەکانەوە لای فاشیستەکان وەک ***حیکایەتێکی گەورەی تایبەت*** دەبینرا کە دەبوو کۆتایی بەو حیکایەتە گەورەیە بهێنرێت[٧].

فاشیستەکان و نازییەکان بە ڕاشکاوی وەک ئەرکی شارستانیی سەرشانی خۆیان دەبینی ڕەوتی ڕووڵەپێشی ڕۆشنگەری ڕابگرن. وەک کاتێک یۆزێف گۆبلز، وەزیری پروپاگەندەی نازی، لە بەرنامەیەکی ڕادیۆییدا بە شێوەیەکی جەژنئاسا لە ١٩٣٣دا ڕایدەگەیەنێت کە «ساڵی ١٧٨٩ لێرەوە لەسەر سەکۆی مێژوو دەسڕدرێتەوە»[٨]. ئەمەش خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی بنچینەیی فاشیزم بوو هەر لە ساتی دەستپێکردنییەوە. لە وتارێکی گرنگدا کە هەشت مانگ پێش ***ڕێپێوان بەرەو ڕۆما*** (*Marcia su Roma*) لە

---

[6]Zeev Sternhell, *The Anti-Enlightenment Tradition*,translated by David Maisel, Yale University Press, New Haven, 2010, p.404.
[7]Reinhart Koselleck (ed.):*The Practice of Conceptual History*, Stanford University Press, Stanford, 2002, p.233.
[8]Quoted in Robert Eccleshall et al. (eds.):*Political Ideologies: An Introduction*, Routledge, London, 1998, pp.185–217, p.212.

ئۆرگانی فاشـــیســـتی بە ناوی ***گێراچیا*** (هیرارشـــی) بڵاو بووەوە، بێنیتۆ مۆســـۆلینی دەپرســـێت: «جیهان بەرەو کوێ مل دەنێت؟» لای مۆســـۆلینی، شـــەڕ لەنێوان چەپ و ڕاست، کە لە ڕۆژگاری شۆڕشی فەرەنسییەوە بەردەوامە لە دەنگدانەوە، ئێستا جەنگەکە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە لەلایەن هێزەکانی بەرەی ڕاستەوە بردراوەتەوە. مۆسۆلینی پێشبینی ئەوە دەکات کە ئەم سەرکەوتنە تا دوایین وێستگەی خۆی بەردەوام دەبێت و «سەدەی بیست وا دەردەکەوێت ببێتە سەدەی گەڕانەوە و زیندووبوونەوەکان. لە دوو ساڵی ڕاستەوخۆی سەردەمی دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، کە تێیدا ئاراستەگرتن بەرەو چەپ گەیشتبووە لوتکەی خۆی، بووبووە دوایین ساڵەکانی ناو ئەو زنجیرەیەی ١٧٨٩ دروستی کردبوو». سەرەڕای ئەوەش، بەگوێرەی دیکتاتۆرە ئیتاڵییەکە، ئێمە بەها تایبەتەکانی چەپین؟ لای مۆســـۆلینی، وەک دەڵێت، چەپەکان «دینامیزم، شـــۆڕش، دیموکراسی و لە سەرووی هەموویەوە، پێشکەوتن و ڕۆشنگەریین»[٩].

هەڵبەت ئەم بیرۆکە دژە-ڕۆشـــنگەرییانە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش ماونەتەوە. لە دۆناڵد ترەمپەوە تا ڤیکتۆر ئۆربان هەموو بزووتنەوە ڕاسترەوەکان گاڵتە بە ئایدیا و بەهاکانی ڕۆشـــنگەری دەکەن. بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە لێرەدا گرنگە لە پەیوەندیدا بە پرۆژەی ڕەهەندەوە قســـەی لەســـەر بکەین، بریتییە لە کورتکردنەوەی پرۆژەی ڕۆشـــنگەری بۆ پرۆژەیەکی ئایدیۆلۆژی تا بێبەهای بکەن یاخود بینینی ڕۆشـــنگەری نەک وەک واقیعێکی ڕووداوی دەســـتەجەمعیی مرۆیی دوای ئەوەی مرۆڤ وەک بکەرێکی ســـیاســـی داوای مافی خۆی دەکات، بەڵکوو دابەزاندنی بۆ ئاســـتی وەهم و خەیاڵاتیش. بۆ نموونە، مەریوان وریا قانع، لە کتێبی ***دەربارەی فەلســـەفە و ئیســـلام و ڕۆشـــنگەری***دا دوای ماوەیەک هەوڵدان بۆ پێناســـەکردنی ڕۆشـــنگەری، دەنووســـێت: «بێگومان ڕۆشـــنگەری وەک کۆمەڵێک گریمـانەی ئـایـدیۆلۆژی و وەک کۆمەڵێک چـاوەڕوانی و پرۆژەی

[9]In Adrian Lyttelton, (ed.):*Italian Fascisms. From Pareto to Gentile*, Jonathan Cape, London, 1973, pp.109, 170–171.

ئایدیۆلۆژییانەی مێژوویی کۆتایی پێ هاتووە»[١٠]. جگە لەوەی ناونانی ئایدیالەکانی ڕۆشنگەری بە خەون و خەیاڵ و گریمانەی ئایدیۆلۆژی شتێکی تازە نییە و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر ژۆزێف دو مایستە، ئێدموند بێرک، فریدریش نیچە، ئەدۆلف هیتلەر، یۆزێف گۆبلز، بێنیتۆ موسۆلینی، فریدریش فۆن هایک و بە فراوانی، پۆستمۆدێرنیستەکان، بەڵام ئەگەر خۆمان لە هەموو ئەو پارادۆکس و دژبەریانە لا بدەین کە نووسەری کتێبی دەربارەی فەلسەفە و ئیسلام و ڕۆشنگەری لە پەیوەندیدا بەوەی لەسەر دووڕیانێک وەستاوە نازانێت نە لای ڕۆشنگەرانی ڕادیکاڵ بگرێت (هەڵبەت ئەم ناوە بەکار ناهێنێت) نە دژە-ڕۆشنگەران و لە یەک کاتدا گوتە لە هەموو ئاراستەکان دەگوازێتەوە، بۆ نموونە نیچە بە فراوانی ئامادەیی هەیە کە مێژوو سەلماندوویەتی هیچ بیرمەندێک هێندەی نیچە دژە-ڕۆشنگەری نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین هەوڵێکی بچووک بدەین و ناو لە ئاراستەکەی مەریوان وریا قانع بەرانبەر ڕۆشنگەری بنێین «ڕۆشنگەریی کۆنەپارێز»، بەوەدا کە نە دەیەوێت ڕۆشنگەری ڕەت بکاتەوە نە قبوڵی ئایدیاکانی بکات، بەڵام دەیەوێت جۆرێک ڕۆشنگەری بپارێزێت کە سەروکاری لەگەڵ لەگەڵ شۆڕش، ڕادیکاڵیزم، بزووتنەوەی جەماوەری، نوسخەی سۆسیالیستی و هتدا نەبێت، بەڵکوو نوسخەیەکی نوخبەگەری و ئیلیتستی ڕۆشنگەرییدا، واتا جۆرێک ڕۆشنگەریی دژە-ڕۆشنگەرییە بەڵام ناشتوانێت بە ئایدیۆلۆژیا بەر بە بڵاوبوونەوەی ڕۆشنگەری لەسەر بنەمای گەشەی ئایدیا بگرێت، بەڵکوو دەیەوێت ڕەوتی مێژووی ڕوولەگەشەی ڕۆشنگەری بۆ بەدیهێنانی سەربەستیی مرۆیی ڕابگرێت. ئەم ڕەوتە.

ئەم جۆرە ڕۆشنگەرییە دژە-شۆڕشە بە فراوانی پشت بە ئایدیاکانی ڤۆڵتێر، نیچە و پۆستمۆدێرنیستەکان دەبەستێت بۆ بێبەهاکردنی ئایدیالەکانی ١٧٨٩، بەتایبەت حوکمی

---

[١٠] مەریوان وریا قانیع، *دەربارەی فەلسەفە و ئیسلام و ڕۆشنگەری (وەڵامێک بۆ کتێبەکەی کاک مەلا بەختیار)*، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ٢٠٠٢، ل.٣٢٠.

ژاکۆبنەکان، حوکمی جەماوەریی بنکەفراوانی خەڵک، و لە قوڵاییی خۆیدا دژی ڕۆسـۆ و دژی هێگڵە. ڕۆسـۆ و هێگـڵ وەک دوو ڕۆشـنگەریی ڕادیکـاڵ لەنـاو بزووتنەوە جەماوەرییەکاندا دەرکەوتبوون کە پێیان وابوو ڕۆحی ڕەهای هێگڵ بەرەو سـەربەسـتی، بریتییە لە زیاتر ڕادیکاڵیزەکردنی ئایدیالەکانی ڕۆشـنگەری. ئارنۆ مایەر، مێژوونووسـی بەناوبانگی ئەمریکی، لە کتێبی ***شێتگیرییەکان***یدا دەنووسێت:

> «لە لای خۆیەوە هێگڵ ستایشی شۆڕشی فەڕەنسی وەک ڕووداوێکی 'مێژووی جیهان' کتومت لەبەر مامەڵەکەی لە بەرژەوەندیی مرۆڤ، بەبێ ڕەچاوکردنی ئایین یان نەتەوە، دەکات. پێویست بە گوتن ناکات، مارکس و ئەنگڵس لە ڕۆژگاری خۆیاندا، بەتەواوی ئەم ڕوانگەیەیان هەڵگرتەوە»[١١].

بەبێ هۆ نییە فاشیستەکان و نازییەکان بەقووڵی ڕقیان لە هێگڵ بوو. بۆ نموونە هیتلەر، لە ڕۆژی ١٦ی ئایاری ١٩٤٤، لەو گفتوگۆیانەی بە «گفتوگۆکانی سـەرمێز» ناسـراون، کـاتێک بـاس لەوە دەکـات ئەڵمـانیـا خـاوەن دوو فەیلەسـوفی مەزنی وەک نیچە و شـۆپنهاوەرە و دەڵێت کاتێک لە جەنگی جیهانیی یەکەم عەریف بووە کتێبی نیچە و شۆپنهاوەری لەگەڵ خۆی بردووە «و شتی زۆر مەزن لە شۆپنهاوەرەوە فێر بوون»، خۆشحاڵە بەوەی کە «شۆپنهاوەر فەلسەفەی ئامرازی هێگڵی تەفروتونا کرد»[١٢]. گیۆرگ لۆکاچ لە وتارێکیدا بە ناوی «فاشـیزمی ئەڵمانی و هێگڵ» دەنووسـێت: «لە بنەڕەتدا، پەیوەندیی فاشـیستەکانی هیتلەر بە فەلسـەفەی هێگڵەوە زۆر سـانا و سـادەیە: ئەوان فەلسـەفەی هێگڵ لە بن و بنچینەوە ڕەت دەکەنەوە. ئەلفرێد ڕۆزنبێرگ [سـەرەکیترین فەیلەسوفی نازی]، لە پەیوەندیی نێوان هێگڵ و مارکسدا هۆکارێکی سەرەکی دەبینێتەوە تا فەلسـەفەی هێگلی وەک دوژمنی «نازیزم» پێناسـە بکات، کە بە شـێوەیەکی ڕادیکاڵ

---

[11] Arno J. Mayer, *The Furies: Violence and Terror in the French and Russian Revolutions*, Princeton University Press, Princeton, 2000, p.31.

[12] Adolf Hitler, *Monologe im Führerhauptquartier: 1941-1944,* Die Aufzeichnungen Heinrich Heims Herausgegeben von Werner Jochmann, Verlag Orbis, 2000,s.352-353.

دژی دەوەستێتەوە. ڕەتکردنەوەی هێگل لای نازییەکان، تەرکیز دەخاتە سەر ئاراستەی هێگل بۆ عەقڵانییەتی جیهان، سەر ڕێباز و تیۆری هێگل بۆ گەشەسەندن»[١٣]. لێکۆڵینەوە لە پرسی ڕەتکردنەوەی هێگل لەلایەن هەموو بزووتنەوە کۆنزەرڤاتیڤ و ڕاستڕەوەکان هەر لە سەدەی نۆزدەوە تا هیتلەر و موسۆلینی و تا ئەمڕۆ دۆناڵد ترەمپ و پۆستمۆدێرنیستەکان، پێویستی بە بوارێکی سەربەخۆ هەیە و لێرەدا جێی نابێتەوە. بەڵام هێگل ڕووخساری ڕۆشنگەریی ڕادیکاڵ بوو، ڕۆحە شۆڕشگێڕییەکەی، کە دەبوو دژە-ژەهرێک بەرانبەری دروست بکرێت. ئەوەندە بەسە بڵێین لە سەدەی نۆزدەدا بە فراوانی سۆسیالیزم وەک نوێنەری ڕۆشنگەریی ڕادیکاڵ دەبینرا و هیتلەر و موسۆلینیش هیچ کات نەیانشاردووەتەوە، تەنانەت گۆبلز مارکسیزم وەک ڕۆحە تۆقێنەر و دڕندەکەی ڕۆشنگەری دەبینێت.

بەڵام دیاریکردنی هەڵوێستی مەریوان وریا قانع بەرانبەر بە ڕۆشنگەری ئاسان نییە، چونکە، وەک پێشتر باسمانکرد، پڕیەتی لە پارادۆکس و دژایەتیی کە هیچ لێکۆڵەرێک کاتێکی زۆریش تەرخان بکات، ناتوانێت هەموو هەڵوێستە ناکۆک و دژەکان بگەڕێنێتەوە سەر سیاقی دروستی خۆیان و بێگومان خوێنەران و نووسەران تووشی جۆرێک لە سەرلێشێوان و ئاڵۆزی دەبەن و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو میتۆدە ئاڵۆزە گوڵچینییە هەڵبژاردەیەی ئەم نەوەیەی ڕۆشنبیران لە کوردستان گرتوویانەتە بەر، بەو مانایە لە هەر شوێنێک، گرنگ نییە کوێ بووبێت، ڕستەیەک و بیرۆکەیەک سەرنجی ڕاکێشابن، کێشیانکردووەتە ناو نووسراوەکانیانەوە، بەڵام بۆیان گرنگ نەبووە، ئاراستە و ئایدیۆلۆژیای سەرچاوەی ئەم ڕستانە لە کوێن، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ڕاستەوخۆ هێرشیان نەکردووەتە سەر ڕۆسۆ و ڕۆشنگەریی ڕادیکاڵ، بەڵام لەژێر ناوی سۆسیالیزمدا واتا هێرش بۆ سەر مارکسیزم، ئەم کارەیان ئەنجام داوە و لێرەشدا

---

[13]Georg Lukacs, *Der Deutsche Faschismus und Hegel*, in *Schicksalswende: Beiträge zu einer neuen deutschen Ideologie,* Aufbau Verlag, Berlin, 1955, s.29.

دیسـان خوێنەر تووشـی سـەرلێشـێوان دەبێت کە وابزانێت ئەم ڕۆشـنبیرانە بەرگری لە ڕۆشـــنگەری دەکەن، کە لەگەڵ ئەوەشـــدا شـــتێک نییە بەناوی ڕۆشـــنگەری وەک کاتیگۆرییەکی گشـتی، بەو جۆرەی لە سـەرەوە پیشـانمان داوە. ئەم جۆرە گوتارەش خۆی لە گـاڵتەکردن بە چەمکی دادپەروەریی جەمـاوەریـدا دەبینێتەوە و خەبـاتە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکانی خوارەوەی کۆمەڵگا بە سـووک و ڕسـوا دەبینێت. یان لە باشـترین حاڵەتدا باسـی ناکات و لەژێر ناوی تیۆری نوخبەگەریدا، ناڕاسـتەوخۆ گاڵتەی پێ دەکات. ئەم ڕۆشنگەرییە، هاوپەیمانی خەباتی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتیی بزووتنەوەی جەماوەری و خەڵکانی ژێردەسـتە، بەڵکوو هەمیشـە هاوسـۆزی بۆ سـەردەسـتەکان هەبووە، بەوەدا هەمیشـە بە وشـەگەلی گاڵتەئامێز و سـووکایەتییەوە ناوی خەڵکانی خوارەوەی کۆمەڵگای بردووە «گاگەل، مێگەل، عەوام، گەمژەکان، و هتد».

## لە دژە-سیاسەتی دژە-ئایدیۆلۆژییەوە بۆ سیاسەتی ئایدیۆلۆژی

یەکێک لە لایەنە زۆر بنچینەییەکانی گوتاری ئەو ڕۆشنبیرانەی لە دەوری بازنەی ڕەهەند کۆبوونەوە، بەرزکردنەوەی گوتاری «دژە-ئایدیۆلۆژیا» بوو. ئەوان بانگەشـەی ئەوەیان دەکرد کە سـەردەمی ئایدیۆلۆژیاکان تێپەڕیوە و ئێسـتا لە سـەردەمی نائایدیۆلۆژیادا دەژین. هەڵبەت جگە لەوەی ئەم گوتارەش هاوشـێوەی گوتارەکانی دیکەیان تازە نییە و کۆنە و جۆرێک هاوردە کراوە، بەڵام پێویستە ڕیشـەکەی هەڵبگرینەوە و بزانین لە کوێدا ئەم گوتارە کە بانگەشـەی دژە-ئایدیۆلۆژیا و ناسـیاسـیبوون دەکات، لە جەوهەردا گوتارێکی سیاسـی و ئایدیۆلۆژییە. ئەم بازنەیەی ڕۆشـنبیران، هەمیشـە بۆ بێبەهاکردنی گوتار و ڕەوتە سیاسی، فیکری، فەلسەفی، هونەری و کولتوورییەکانی دەرەوەی خۆیان، دەسـتەواژەیەکی حـازربەدەسـتیـان پێ بووە لە هەموو دۆخێکدا بەکـاریـان هێنـاوە «ئایدیۆلۆژیسـت». هەڵبەت زۆر هۆکار هەن بۆچی کەس لە ڕابردوودا هەوڵی نەدابوو

سەرچاوەی ئەم گوتارە ئایدیۆلۆژییە دیاری بکات، یەکێک لەو هۆکارانە کۆنترۆڵی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی مەعریفە، واتا میدیا و چاپەمەنی بووە، کە بەسانایی ڕێگە نەدراوە هیچ فیکرێکی دەرەوەی ئەم بازنەیە دەرفەتی دەرکەوتنی هەبێت، هۆکارێکی دیکەش، ئەو شتەیە سۆران ئازاد لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەربارەی بازنەی ڕەهەند دەستنیشانی کردووە: «کێشەی گەورەی ئەو نووسەرانە ئەوەیە، کە خاوەن نەیار و بەرانبەری لاوازن، لەوانە کادیری سیاسی. بە نکۆڵیکردن لە بوونی ئەوان و دەستەڵاتداربوونیان، ئەو نووسەرانە ویستوویانە ئەو پێگە جەماوەرییەی بە کادیری سیاسی بەخشراوە، بە خوێندەواری وەکوو خۆیان ببەخشرێت»[١٤]. خاڵی دیکەش زۆرن، وەک وەرگێڕانی خراپی بەرهەمە فیکرییەکان، گرنگینەدانی دەزگاکان بە چاپکردنی کتێبی بیری ڕەخنەیی و هەوڵدان بۆ پەرەدان بە ئەدەبیات و کولتووری زبڵ تا هەرگیز نەبێتە ئەڵتەرناتیڤی بازنەی ئەو ڕۆشنبیرانەی دەزگاکان بە بیرکەرەوەی خۆیانیان دەزانن.

خاڵێکی دیکە گرنگە ئاماژەی پێ بکەین، دیموکراتیزەنەبوونی مەعریفەیە. بەو مانایە، لە کۆمەڵگایەکدا ئەگەر تەکنیک و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوەی هونەر و کولتوور بە شێوەیەکی یەکسان دەرفەتی ڕەخساند بۆ تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە، پرسی دیموکراتیزەبوونی مەعریفە دەبێتە دەرفەتێکی گرنگ هەر تاکێک بەگوێرەی خۆی بەشداری لە پێشخستنی کولتووری ئەو کۆمەڵگایەدا بکات. بەڵام بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە هەمیشە لەژێر هێڵی گەشەسەندوویيدا ماوەتەوە و بەو هۆیەشەوە پەروەردە و کولتوور و کۆی کایەی مەعریفە هاوشێوەی کایەی سیاسی و ئابووری لە دەستی کەمینەیەکدا بووە و وەک چۆن سیستەمی سیاسی و ئابووری بە بنەماڵەیی بووە، ئەم نەخۆشییە هەمان کایەی مەعریفەشی گرتووەتەوە. بە درێژاییی سی ساڵی ڕابردوو کەمینەیەک کۆنترۆڵی کۆی کایەی بەرهەمهێنانی کولتووری کردووە و ڕێگەی

[١٤] سۆران ئازاد، *هێزی تێگەیشتن لە وەهمی ڕەهەند و ڕەهەندییەکان*، ماڵپەری ژنەفتن، ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، https://bit.ly/3ucDWrx

نەداوە تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگا یان دەربکەون یاخود بۆ ئاســـتە بەرزەکانی مەعریفە هەڵبکشـێن، بووەتە هۆی ئەوەی ئەو کەمینەیە بانگەشــەی جۆرێک لە نوخبەی بلیمەت و تەنها هەمووشـتزانی ناوچەکە بکات و گەشـەنەسـەندنی هاوسـەنگانەی تاکەکانی دیکەش، کە دیاردەیەکی مێژووییە، وەک دیاردەیەکی سـروشـتی لێک بداتەوە و ئەو بیروباوەڕە باوە دروســـت ببێت، کە ئەوەی لە دەرەوەی بازنەی ئەوانەوە هەیە هیچ نییە جگە لە کۆمەڵە لاســــاییکردنەوەیەکی پێکەنیناوی. بەبێ هۆ نییە بازنەی ئەم ڕۆشـــنبیرانە بە بەردەوامی کۆی هەوڵەکـانی دەرەوەی خۆیـان بە «گەمژە» زانیوە. ئەگەر ڕۆژێـک لێکۆڵینەوەیەکی ئاماری لەسەر کۆی نووسراوی ئەو ڕۆشنبیرانە ئەنجام بدرێت، دەکرێت بەر ژمارەی باوەڕپێنەکراوی بەکارهێنانی وشـــەی «گەمژە» لە هەموو فۆرم و ســیاقە جیاوازەکانیدا بکەوین. ئەمە هەر دیاردەیەکی سـیاسـی نییە و بگرە سـۆسـیۆلۆژیشـە و هیواخوازم لێکۆڵەرانی داهاتوو ئەم کارە ئەنجام بدەن و مانا کولتووری و سیاسییەکانی ئەم بەکارهێنانە بۆ نەوەکانی داهاتوو شــی بکەنەوە. ئێســـتا پێویســـتە بچینە ناو شیکردنەوەی بابەتی ناونیشانەکەمان.

بەڵام با ئێمە بپرسـین گوتاری ئەنتی-ئایدیۆلۆژیا لەکوێوە سـەرچاوە دەگرێت و ڕەهەند و بنچینە ئایدیۆلۆژییەکانی ئەم گوتارە دژە-ئایدیۆلۆژییە چییە؟ وا دەردەکەوێت گوتاری دژە-ئایدیۆلۆژی، یان نا-ئایدیۆلۆژی لەگەڵ کۆتاییی جەنگی سارد سەر هەڵبدات، کاتێک چیتر بلۆکی خۆرهەڵات بەرانبەر بە بلۆکی خۆرئـاوا نـامێنێـت، بەڵکوو ئەم جـارە سـەرمایەداری بە فراوانی دەبێتە سیسـتەمێکی جیهانی و هیچ کێبڕکێیەک بەرانبەر خۆی نابینێتەوە. ســـەرمایەداری ئێســـتا بە فراوانی بانگەواز بۆ بەجێهێشـــتنی ســـەردەمی ئایدیۆلۆژیا و کۆتاییی ســـیاســـەت دەکات. ئایدیۆلۆژیا و ســـیاســـەت تایبەت بوو بە سـەردەمێک کە ئەو دوو بلۆکە بەرانبەر بە یەک وەسـتابوون، ئێسـتا کە ئیتر کێبڕکێکار نەماوە، ســـیاســـەت و ئایدیۆلۆژیاش باوی نەماوە. بەڵام ئەم بیرۆکەیەی ســـەردەمی

کۆتاییی سیاسـەت بۆ پێش ڕووخانی بلۆکی سۆڤیێت دەگەڕێتەوە، بۆ کەش و هەوایەکی ژینگەی نیۆلیبراڵ و پۆستمۆدێرنیست، کە میشێل فوکۆ، ئەو کاتەی وردە وردە لە ڕێگای ڕەخنەگرتن لە لیبرالیزم وەک ئایدیۆلۆژیایەکی کۆنترۆڵکاری بازاڕ، بەرەو نیۆلیبرالیزم وەردەچەرخا، بە دروستیی ئەم سەردەمەی فۆرمولە کردووە:

«ئێمە بە ئەگەرێکەوە لە سـەردەمی کۆتاییی سیاسـەتدا دەژین. چونکە ڕاستە کە سـیاســـەت ئەو مەیدان و شــوێنەیە پێشــتر لە ڕێگای ئەزموونی شــۆڕشـــەوە کرابووەوە و ئەگەریش لەم ڕوانگەیەوە چیتر دەســـتنەدات پرســـیاری شــۆڕش بکرێت، ئەوا مەترسی ونبوونی سیاسەتیش لە ئارادایە»[15].

دیســـان ئەم گوتارە خۆی کۆنە و زۆر پێش دیاگنۆس و دەســـتنیشـــانکردنەکەی فوکۆ دەســـتپێدەکات، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ســـەدەی نۆزدە. لە دوو دەیەی کۆتایی ســـەدەی نۆزدەدا، لەگەڵ ئەوەی سیاست زیاتر بە ناو کۆمەڵگادا بڵاو دەبووەوە و سـەرمایەداری – بەهۆی ناکۆکییەکانی خۆیەوە – مەیدانی بۆ گەشـــەی زیاتری دیموکراســـی خۆش دەکرد، چینە بەجێماوەکانی ســـەردەمی فیودالیزم، ئەریســـتۆکراتەکان و کۆنزەرڤاتیڤەکان پەرەیان بە ڕەوت و ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسییدا کە پێی دەگوترێت «دژە-سیاسەت» یان «دژە-سیاسی» و ئامانجی ئەم ئایدیۆلۆژیایەش گاڵتەکردن و بێبەهاکردنی سیاسـەت و دیموکراســیی جەماوەری و گەڕاندنەوەی ســـەروەریی کەمینەی ئەریســـتۆکرات بوو بۆ دەســـەڵات و باڵادەســـتی. ئەم ڕەوتە کۆی کۆمەڵگای مۆدێرن و ســـیاســـەتەکەیان بە ئایدیۆلۆژیست و بەسیاسیکردن دەبینی و بڕوایان بە داهێنانی بزووتنەوەیەکی پێچەوانە هەبوو بتوانێت کۆتایی بە ســـیاســـەتی جەماوەری، دیموکراســـیی جەماوەری و ئایدیۆلۆژیاکانی بزووتنەوەی ڕۆشـنگەری: لیبرالیزم، سـۆسـیالیزم و یەکسـانیخوازیی

[15]Michel Foucault, *The End of the Monarchy of Sex*, in *Foucault Live: Collected Interviews, 1961-1984*, edited by Sylvere Lotringer, Semiotext(e), New York, 1996, p.223.

بهێنێت. ئەم ڕەوتانە پەنایان بۆ جۆرێک لە فەلسەفەی ناعەقڵانی ( *Philosophie des Irrationalismus*) دەبرد کە لە ئەڵمانیادا بەتایبەت گەیشتبووە لوتکە و گەورەترین دەرکەوتەی خۆی پێشتر لە فەلسەفەکانی یۆهان گیۆرگ هامان[١٦]، و پاشان ئارتور شۆپنهاوەر و فریدریش نیچەدا دۆزیبووە و لە نیچەدا بەڕاشکاوی دەگاتە ئەوەی بڵێت «من دوایین دژە-سیاسیی ئەڵمانیم»[١٧]. بەڵام هەروەها نیچە لە نامەیەکی هاوکاتدا بۆ هاوڕێکەی، هاینریش کوێزەلیتز (پیتەر گاست)، دژە-سیاسەتی خۆی بەم جۆرە شی دەکاتەوە:

> «سیاسەت ئێستا ئۆرگانی گشتێتی و سەرتاپایی بیرکردنەوەیە. ڕووداوەکان سڕیان کردووم. [...] بسمارک لە ڕادەبەدەر شادم دەکات. خوێندنەوەی گوتارەکانی، بۆ من، لە خواردنەوەی شەرابێکی بەهێز دەکات، و هەوڵ دەدەم زۆر بەخێرایی نەخۆمەوە تا بتوانم چێژ لە تامەکەی وەربگرم»[١٨].

و پاشان لە کتێبە خۆژێننامەنووسییەکەیدا، ***ئەمەیە مرۆڤ***، بەڕاشکاوی دژە-سیاسەت وەک سیاسەتی مەزن پێناسە دەکات و دەڵێت: «تەنها بە دەستپێکردن لەگەڵ مندا زەوی سیاسەتی مەزن دەناسێت»[١٩]. ئەم بزووتنەوە دژە-سیاسییە بە باشترین شێوە خۆی لە جەنگی جیهانیی یەکەم، بەتایبەت لە ئەڵمانیادا دەردەخات. زۆربەی ئەو ڕۆشنبیر و بیرمەندانەی پشتیوانیان لە جەنگی ئیمپریالیستیی ئەڵمانیا دەکرد، لەژێر ناوی «کۆتایی سیاسەت یان دژە-سیاسەت» و «ئاوابوونی ئایدیۆلۆژیا»دا بەرگرییان لە جەنگ دەکرد.

---

[١٦]ئایزایا بەرلینی فەیلەسوفی لیبراڵ، لە کتێبەکەیدا ناعەقڵانییەتی هامان وەک جۆرێک لە سەرچاوەی بنچینەیی فاشیزمی سەدەی بیست دەخوێنێتەوە:

Isaiah Berlin *The Magus of the North: J.G. Hamann and the Origins of Modern Irrationalism*, Farrar Straus & Giroux, New York, 1994.

[17]Friedrich Nietzsche, *Ecce Homo*: *Warum ich so weise bin*, in *Der Fall Wagner, Götzen-Dämmerung, Der Antichrist, Ecce Homo, Dionysos-Dithyramben, Nietzsche contra Wagner*, herausgegeben von Giorgio Colli und Mazzion Montinari, *Kritische Studienausgabe,* Band 6, Walter de Gruyter Verlag, Berlin und New York, 1988, s.366.

[18]Friedrich Nietzsche, herausgegeben von Giorgio Colli und Mazzino Montinari, Band 1, Nr. 140, Walter de Gruyter Verlag, Berlin und New York, 1988, s.258.

[19]Friedrich Nietzshce, *Ecce Homo*, ebenda, s.366.

ڕەنگە خەڵکانێک تووشـــی ســـەرســـامی ببن ئەم ناوانە ببیســـتن: ماکس ڤێبەر، ڤێرنەر زۆمبارت، تۆماس مان، ڤیلهێلم دیلتای، ئێدموند هوســـەرل، مارتین هایدیگەر، ئۆزڤالد شپینگەر، ئێرنست یونگەر و هتد لە ئەڵمانیا و لە ئیتاڵیا بینیتۆ کرۆچە، جیۆڤانی جێنتل و هتد. لەبەر ئەوەیە کاتێک تۆماس مانی کۆنەرڤاتیڤی جەنگخواز، دوای ئەوەی لە ســـاڵی ١٩٢٨دا ڕەخنە لە ڕابردووی خۆی دەگرێت و ئێستا خۆی وەک دیموکراتیخواز لە قەڵەم دەدات، بۆ وەســفکردنی ئەم قۆناغە و جۆش و خرۆشــی دژە-ســیاســی ڕۆشــنبیران، چەمکی ***ئایدیۆلۆژیای جەنگ*** (*Kriegsideologie*) دروست دەکات کە خەسڵەتەکانیشی دیاری دەکات: چارەنووسی کۆیی (*Schicksal*)، مەرگ (*Tod*) و کۆمەڵ دژی کۆمەڵگا (*Gemeinschaft gegen Geselschaft*)، و ئەم دژە-سیاسیبوونەش بەڕاشکاوی بە جۆش و خرۆشی کەمینە ئەریستۆکراتە دژە-دیموکراتییەکانی ئەڵمانیاوە دەبەستێتەوە و لە کتێبی ***ڕامانەکانی ناسیاسییەک***دا دەنووسێت:

> «بە بـاوەڕی قووڵەوە ڕایـدەگەیەنم کە گەلی ئەڵمـانیی هەرگیز نـاتوانن دیموکراسییان خۆشبوێت، بە سادەیی لەبەر ئەوەی ناتوانن **خودی سیاسەت**یان خۆش بوێت، و 'دەوڵەتی دەســـەڵاتخواز' (Obrigkeitsstaat)ی ڕســـوا تەنها فۆرمی گونجاوی دەوڵەت بوو و بەم جۆرەش دەمێنێتەوە و ئەمەش یەکسانە بە گەلی ئەڵمانی، ئەو [دەوڵەتەی] ئەوان لە قوڵاییی دڵیاندا دەیخوازن»[٢٠].

ئەم ڕەوت و بیرکردنەوەیە لای زۆر بیرمەنـدی دیکە دەردەکەون، لەوانە مـارتین هایدیگەر، کارڵ شـــمیت و هتد، شـــمیت پێی وایە کە دیموکراســـیی جەماوەریی لە ســەردەمی ســەرمایەداریدا جۆرە سیاســەتێکی جەماوەریی پەرلەمانی دروســت کردووە کە تەنها بە دژە-بزووتنەوەیەکی دژە-ســیاســییەوە دەکرێت وەڵام بدرێتەوە کە کۆتایی

[20]Thomas Mann, *Betrachtungen eines Unpolitischen*, herausgegeben von H. Helbling, Fischer Taschenbuch Verlag, Frankfurt am Main, 1988, s.30.

به سەردەمی سیاسەتی دیموکراسی بهێنێت و گومان لەوەدا نییە شمیت دژە-سیاسەتی خۆی لەژێر چەمکی «*سیاسی*»دا ئەنجام دەدات. بەڵام هەروەها بە فراوانی زانراوە و تۆمارکراوە کە هیتلەر و موسۆلینی دەیانگوت بزووتنەوەیەکەیان وەک بزووتنەوەی دژە-نیهیلیزیم لە قوڵاییی خۆیدا بزووتنەوەیەکی دژە-ئایدیۆلۆژی و دژە-سیاسییە، بەڵکوو هیتلەر و موسۆلینی هەردووکیان دەیانگوت ڕژێمەکانیان بریتین لە دوو ڕژێم وەک بەرهەمی هونەری. یاخود ئەوەی واڵتەر بنیامین ناوی لێ ناوە «بەجوانیناسیکردنی سیاسەت»[21]. هێرمان ڕاوشنینگ، ئەندامی پارتی نازی و سەرۆکی شاری ئازادیی دانتزیگ (ئێستا گدانسک لە پۆڵەندا) لە گفتوگۆکەیدا لەگەڵ هیتلەر هۆکاری چوونە ناو نازیزم و بۆچوونی هیتلەریش پشتڕاست دەکاتەوە:

> «لێرەش دیاردەی جەماوەر بە فراوانی هەبوو. چۆن دەکرا هەم وەک هێزێکی سیاسی و هەم وەک جەنگێک بەرانبەر هەر نەزمێکی سیاسی، لەدەستی ڕزگارمان بێت؟ لە نازیزمدا ئومێدمان بەوە هەبوو سیاسەت کۆتایی دێت»[22].

موسۆلینی لە وتاری «ڕێژەگەرایی و فاشیزم» (١٩٢١)دا فەلسەفەی دەسەڵات دەباتە دەرەوەی ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتەوە و فاشیزمی ئیتالی وەک مەزنترین دروستکراوی ویست بۆ دەسەڵاتی دژە-سیاسی پیشان دەدات. هەم موسۆلینی و هەم هیتلەر، هەموو ڕەوت و بزووتنەوەیەکی دەرەوەی خۆیان بە بزووتنەوەی ئایدیۆلۆژیست و سیاسی دەبینی و تەنها بزووتنەوەکەی خۆیان وەک دژە-ئایدیۆلۆژیا و وەک دژە-سیاسەت لە قەڵەم دەدا، ئامانجیشیان ئەوە بوو کە لە سەردەمی ئاوابوونی سیاسەتدا، دەتوانن سیاسەتە چینایەتییەکان، دابەشکارییە کۆمەڵایەتییەکان و هتد کۆتایی پێ بهێنن و کۆی گروپە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا لەژێر کاتیگۆریی نەتەوەدا یەک بخەن، لەبەر ئەوە

[21] Walter Benjamin, *Das Kunstwerk im Zeitalter seiner technischen Reproduzierbarkeit*, edition Suhrkamp Verlag, Frankfurt am Main, 2002.

[22] Hermann Rauschning, *Make and Break with the Nazis*,The Right Book Club, London, 1942, p.181.

هیتلەر چەمکی جەماوەر (*Masse*) دەگۆڕێت بۆ گەل (*das Volk*) و پرۆلیتاریا وەک چین دەگۆڕێت بۆ کاتیگۆریی ئەفســـــانەیی «ڕەگەزی ئاری» (*arische Rasse*) و موســـۆلینیش بە هەمان شـــێوە، تەنانەت جەماوەر بە شـــتێکی ژنانەیی ناو دەبات و بە گـاڵتەوە بـاس لەوە دەکـات کە چەمکی جەمـاوەر بە ئـامرازی مێینەی نـاســــانـدن دەناســرێتەوە، بەڵام فاشــیزم و گەل نێرینەن. لە زانســتی نوێی ســیاســەتدا ئەمڕۆ بەم مۆدێلەی کۆکردنەوەی گروپە زۆر و زەوەندە کۆمەڵایەتییەکان لەژێر یەک چەتردا بەڵام دەبێت بەرژەوەندییەکانیان فەرامۆش بکەن، دەگوترێت «پۆپۆلیزم». ئەم ڕەوتە کە لە ســــەردەمی نیۆلیبراڵیزمدا بەقووڵی گەڕاوەتەوە، دیســــان پۆپۆلیزم باس لە ئاوابوونی سـیاسـەت و ئایدیۆلۆژیا دەکات و دەیەوێت پرسـە گرنگەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆ: گۆڕانی کەش و هەوا، جەنگ، هەژاری، دابەشـکارییە چینایەتییەکان، هارتربوونی سـەرمایەداری و هتد لەژێر ناوی دوژمنێکی وەهمیدا یەک بخات و چاو لەسـەر پرسـە سـەرەکییەکان لا ببات. ئەگەر بەوردی ڕوانینی ئایدیۆلۆژیسـتە فاشـیسـتەکانی ئەمڕۆ بخوێنینەوە، گوێ لە گوتارەکانیان بگرین، بۆ نموونە ڕیچارد سپێنسـەر، ستیڤ بانن، نیک لاند، ئالان دوبۆنوا، پیتەر سلۆتەردایک، مارک یۆنگن، ئەلێکسـاندەر دوگین و هتد بخوێنینەوە بە فراوانی لای هەمووان ئایدیای «ئاوابوونی سیاسەت» و «کۆتاییی سەردەمی ئایدیۆلۆژیا» دەبینین.

تەنانەت دۆناڵد ترەمپ خۆی وەک «دوایین دژە-ســـیاســـیی ئەمریکی» دەبینێت و تاد تیتزە لە وتارێکیدا باس لەوە دەکات کە بەلاغە و ڕەوانبێژیی «دژە-سیاسـەت»ی دۆناڵد ترەمپ هۆکاری سـەرەکی بردنەوەی سـەرۆکایەتیی ئەو بووە[٢٣]. ئەمڕۆ بزووتنەوە دژە-سیاسییەکان میزاج و ڕەوشێکی بەرفراوانی دوورخستنەوەی خەڵک لە سیاسەت بەڕێوە دەبەن، چونکە تەنها ڕێگایەکە بۆ بردنەوەی پۆپۆلیســـتییانەی خەڵک. دۆناڵد ترەمپ نایشـارێتەوە کە بزووتنەوەکانی وەک داگیرکردنی واڵ سـتریت و حزبە سـیاسـییەکانی

[23]https://left-flank.org/2016/01/25/the-trump-paradox-a-rough-guide-for-the-left/

وەک پۆدیمۆس لە ئیسپانیا و هتد وەک بزووتنەوەی سیاسی لە قەڵەم بدات و خۆشی وەک تەنها ئەڵتەرناتیڤی ناسیاسی بۆ سەردەمی ئاوابوونی ئایدیۆلۆژییاکان ببینێت. دۆناڵد ترەمپ و هێزە ڕاستڕەوەکان ئەمڕۆ بە فراوانی کۆکن لەسەر ئەوەی سیاسەت توانای نواندنەوەی «خەڵک»ی نییە و تەنانەت خودی سیاسەت وەک ئایدیۆلۆژییەکی مەترسیدار دەبینن. ئەگەر لە کۆی کەمپینی هەڵبژاردنی ترەمپ وردببینەوە دەبینین کە پشت بە بڵاوکردنەوەی میزاجێکی دژە-سیاسی دەبەستێت و تەنانەت بۆ ئەم مەبەستە هێرشەکانی جۆرج دەبلیو بۆش بۆ سەر ئەفغانستان و عێراقیش دەباتە ناو جەنگی سیاسییەوە و مردنی سەربازانی ئەمریکی، وەک قوربانیانی سیاسەت لە قەڵەم دەدات. کۆی ئەم ڕوانگانە نووسراوەیەکی بەختیار عەلیمان بیر دەخەنەوە (هەڵبەت لە ساڵانی ڕابردووەوە بەختیار عەلی تا دەگاتە کتێبی ***ئایدیۆلۆژیست*** لەسەر ڕەوانبێژیی دژە-سیاسەت و ئاوابوونی ئایدیۆلۆژیا، پەرە بە بیرکردنەوەی ئەدەبی و فیکریی خۆی دەدات) بە ناوی «خەڵک و سیاسەت» کە لە پەرەگرافێکیدا دەنووسێت:

«لە ناو خودی کایەی سیاسیدا خەڵک نابینرێت، خەڵک تەنیا میتافۆرێکە، دەلالەتێکی خاڵییە.سەرتاپای کایەی سیاسی لە پێناوی غەیبکردنی خەڵکدا کاردەکات، حیزبەکان کەرەستەی لە بیربردنەوەی خەڵکن. خەڵک لە مێژوودا تەنیا ئەو کاتانە دەرکەوتون کە توانیویانە سنووری کایەی سیاسیبشکێنن و ئەو دەنگەدەنگە بێسوودەی ناو ئەو کایەیە بێدەنگ بکەن. شۆڕشی فەرەنسی، شۆڕشی ئێرانی، شۆڕشی میللەتانی ئەورووپای خۆرهەڵات لە ژێر جەوری کۆمۆنیزمدا، شۆڕشی میسری، ئەوە ئەو ساتانەیە کە سیاسەت بە مانا تەقلیدییەکەی، بە مانای چالاکی بکەری سیاسی، بە مانای ئیشی چالاکوانی سیاسی، بە مانای چالاکی حیزبی تەواو دەکەوێتە ژێرەوە و دەبێتە پاشکۆی ئەوڕووداوانەی کە خەڵک دروستیدەکەن، ئەو ساتانەیە کە کایەی سیاسی

تەقلیدی کپ و لاڵ دەکریت. بۆ ئەوەی خەڵک دەربکەویت دەبێت ئەو شتەی پێی دەوترێت کایە سیاسی بێدەنگ بێت».

ئەوەی بەگشتی لەم جۆرە تێگەیشتنە هاوبەشانەدا، بەڵام بە دوو مۆدێلی جیاواز دەبینرێت، بریتییە لە کورتکردنەوەی سیاسەت بۆ کایەی دەوڵەتی و حوکمڕانی کە دیسان لە سەردەمی سەرمایەداریدا هێشتا بریتی نییە لە سیاسەتی فراوان و هەمیش هەوڵە بۆ دابڕینی جەماوەر لە خود-وشیاریی سیاسی تا چیتر مرۆڤ وەک بکەرێکی سیاسی خاوەن دەنگی سەربەخۆ بوونی نەبێت. لە مێژوودا چونکە سیاسەت بە مانای مۆدێرن بوونی نەبووە، هەمیشە زۆرینەی کۆمەڵگا لە پاشکۆیەتیدا ماونەتەوە و کەمینەیەک کۆنترۆڵی کۆی جومگەکانی کردووە، بەڵام لەگەڵ شۆڕشی فەڕەنسیدا، سیاسەت دەبێتە چەمکێکی فراوانی مۆدێرن و مرۆڤ وەک بکەری سیاسی هەست بە خۆی دەکات. وەک پێشتر باس کرا، سەردەمی مۆدێرن و سیاسەتی مۆدێرنیتە کە لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا لە بزووتنەوە جەماوەرییەکاندا گەیشتبووە لوتکە پێویستی بە دژە-بزووتنەوەیەکی دژە-سیاسی هەبوو تا پاشەکشێ بە سیاسەت بکات و کۆی گروپە مرۆییەکان بخاتە ژێر چەتری یەک بەرژەوەندیی هاوبەشەوە. لەم ڕووەوە بزووتنەوەی دژە-سیاسەت لە قووڵاییی خۆیدا بزووتنەوە و ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسییە، بەڵام تەواو کۆنزەرڤاتیڤ کە دەیەویت کۆتایی بە سەردەمی دیموکراسیی جەماوەری بهێنێت. ئەم ئایدیۆلۆژیایە پێی وانییە لە قوڵاییدا سیاسەت خۆی کێشەیە، سیاسەت ئەو کاتە کێشەیە کە خەڵک هەست بە دەسەڵات و سیاسەتی خۆیان بکەن، لەبەر ئەوە ئیتر دەبنە جێگای مەترسی لەسەر نوخبە ئەریستۆکراتەکان. ئایدیۆلۆژیای ئەریستۆکراتیی سەدەی نۆزدە جەماوەری وەک هەڕەشە لەسەر دەسەڵاتی خۆی دەبینی بۆیە هەم لە ئەخلاقیات، هەم کولتوور و هەم سیاسەتدا ئەم بزووتنەوەیە بێبەها بکات. بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە

کاتێک بەختیار عەلی لە کتێبی ***ئۆپۆزسیۆن و پۆرترێتەکانی***دا دەنووسێت «هیچ شتێکیش بە ئەندازەی عەوام مەترسیدار نییە کاتێک خۆی لێ دەبێتە هەڵاوێردە و ناوازە»[٢٤].

نازییەکان سەرهەڵدانی سیاسەتی گشتی و جەماوەرییان دەبەستەوە بە سەردەمی «داوەشان» (*Entartete*) و پێیان وابوو هەرچی ڕەگەزی قرێژ و داوەشاوی «عەوام، مێگەل، گاگەل و هتد» دەبێت قڕ بکرێت چونکە ئەوانە مەترسیدارن و هەڕەشەن لەسەر نەزمی هیرارشی، هەڕەمێتی و نوخبەی ناوازە. موسۆلینی و هیتلەر دەڵێن جەماوەر بەڕەڵا، قەرەباڵغی، هەوسارپساو و سیاسییە و هتدە و خەڵک/گەل دیسپلینکراو، ڕێزمەند بەرانبەر دەسەڵات، کارکەر، خۆبەکەمزان، خاکەڕا، لێوەشاوە، نێرانە، ئامادەی قوربانیدان، خاوەن مێشکێکی جووتیاری و دەست لەسەر سینە بە زەوییەکەی ڕابگات. هەر لە هەمان ئەدەبیاتدا، جەماوەر بەقووڵی دەبەسترێنەوە بە دیموکراسییەوە، ئەو سیستەمەی سەرچاوەی دەسەڵاتەکەیەتی، لە کاتێکدا، ***خەڵک*** بە پابەند بەرانبەر بە سیستەمی دەسەڵاتخوازی حوکمڕانی دەمێننەوە. تۆماس مان، لە ١٩١٨دا کە هێشتا بەقووڵی ئەریستۆکراتێکی کۆنزەرڤاتیف بوو، دەنووسێت: «جەماوەری تاکگەرا دیموکراتیخوازە، ***خەڵک*** (*das Volk*) ئەریستۆکراتە. جەماوەر ئەنتەرناسیۆنالە، لە کاتێکدا خەڵک کەسایەتییەکی ڕەمزی خاوەن دیارترین و جیاوازترین خەسڵەت و سروشتەکانە»[٢٥]. موسۆلینی جەماوەر بە دیموکراسی و نوخبەی ئەریستۆکرات بە دەسەڵاتخواز و هیتلەر مارکسیزم بە جەماوەری سیاسی و نازیزم بە بزووتنەوەی نوخبەی دژە-سیاسی دەبینێت.

لە ڕاستیدا ئەگەر بە وردەکارییەوە بمانەوێت بچینە ناو ئەم بابەتەوە، پێویستمان بە کتێبی سەربەخۆ دەبێت (لە کتێبێکی داهاتوومدا کە بەم نزیکانە چاپ دەبێت چەند

[٢٤]بەختیار عەلی، ئۆپۆزسیۆن و پۆرترێتەکانی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانیی، ٢٠١٩، ل.١٢٣.
[25]Thomas Mann, *Betrachtungen eines Unpolitischen*, ebenda, s.263.

بەشێکم بۆ ئەم پرسە تەرخان کردووە) و ئەمەش لێرەدا جێی نابێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە گوتاری «کۆتاییی ئایدیۆلۆژیی» و بە «ئایدیۆلۆژیست»دانانی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان، لە سەردەمی نیۆلیبرالیزمدا بە فراوانی گەڕاوەتەوە و ئەمڕۆ لە ئەمانوێل ماکرۆنەوە تا دۆناڵد ترەمپ ستایشی سەردەمی ئاوابوونی ئایدیۆلۆژیا دەکەن. تەنانەت ئاوابوونی ئایدیۆلۆژیا وەک سەرهەڵدانی «دەنگی خەڵک» (Voice of the People) لە قەڵەم دەدەن. دەڵێن ئایدیۆلۆژیا باری سەرشانی خەڵکی قورس کردووە و ناتوانن بەرژەوەندییەکانیان ببین، بۆیە ئاوابوونی ئایدیۆلۆژیا و ژیان لە سەردەمی پاش-ئایدیۆلۆژیادا بریتییە لە «بەهێزبوونی دەنگی خەڵک» و ئەمەش گوتاری هاوبەشی دۆناڵد ترەمپ، مارین لوپێن، بزووتنەوەی برێکزت، ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەڵمانیا و تەنانەت ماکرۆنیزمیشە[٢٦]. سەردەمی «پاش-ئایدیۆلۆژیا» یان «کۆتاییی ئایدیۆلۆژیا» یاخود «دژە-ئایدیۆلۆژیا» خۆی بەقووڵی ئایدیۆلۆژییە و ڕیشەی قووڵیشی لەناو پۆپۆلیزمی ڕاسترەوی سەردەمی نیۆلیبراڵدا هەیە[٢٧].

ئەگەر ئەمڕۆ «پۆپۆلیزم» بەگشتی وەک فۆرمێکی «دژە-سیاسەت» پێناسە دەکرێت، ئەوا ئێستا زۆر بە ساناییتر دەتوانین لە مانای زاراوەکە تێبگەین. پییەر ڕۆزانفالۆن دەڵێت پۆپۆلیزمی ڕاسترەو «فۆرمێکی نەخۆشیناسیی سیاسەتە، واتا 'سیاسەتی پەتیی ناسیاسی'»[٢٨]. سەرکەوتنی هەنووکەیی «ناسیاسی» (یان دژە-سیاسی) بەسانایی واتا

---

[٢٦] بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر دانانی دەنگی خەڵک وەک ئەڵتەرناتیڤی ئایدیۆلۆژیا، بگەڕێنەوە بۆ:
Pippa Norris and Ronald Inglehart, *Cultural Backlash: Trump, Brexit, and Authoritarian Populism*, Cambrdige University Press, Cambridge, 2019, pp.66-70.

[٢٧] خوێنەر بۆ تێگەیشتن لە ڕوانگەی دژە-ئایدیۆلۆژیای بەختیار عەلی دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ:
بەختیار عەلی، *ئایدۆلۆژیست*، چاپخانەی کارۆ، سلێمانیی، ٢٠١٩.
ئەگەرچی گرفتێکی زۆر بنچینەیی ئەم کتێبە ئەوەیە کە دیسان خوێنەر نازانێت بەرگریی لە چ ئایدیۆلۆژییەک دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ تێزی مارکسیستەکان (هەڵبەت بەبێ سەرچاوەی ڕاستەوخۆ و بەمجۆرە خوێنەران لەبەردەم دووڕیانێک بەجێدەهێڵێت)، لەکاتێکدا چەپەکان ئەم تێزانە قوڵ بۆ سەردەمی ئایدیۆلۆژیا بەکاردەهێنن، کەچی نووسەر بە هەڵە لەژێر ناوی نائایدیۆلۆژییدا بەکاریان دەهێنێت.

[28] Pierre Rosanvallon, *Counter-Democracy: Politics in an Age of Distrust*, Cambridge University Press, Cambridge, 2008, p.22.

دیموکراسـیی نوێنەرایەتی ئیفلیج دەبێـت و دواجـار لەلایەن بزووتنەوەی «دژە-دیموکراسـی»یەوە «دەبێتە خوێنمژ». ڕۆبەرتۆ ئێسـۆزیتۆی فەیلەسووف «ناسـیاسـی» (*impolitico*) وەک ئاراستەیەکی نائومێدکەرانە بەرانبەر بە سیاسەت پێناسە دەکات کە بە هۆیەوە سـیاسـەت بۆ «واقیعییەت»ی ڕووت، بۆ «ماتریالیتە»ی ڕووت کورت دەکاتەوە: واتا بۆ نوسخەی کلاسیکی کارڵ شمیت بۆ سیاسەتی مۆدێرن وەک فۆرمێکی سیکۆلاریزەکراوی تیۆلۆژیای کۆنی سیاسیی ئێستا وا دەردەکەوێت کۆن بووبێت[29]. واتا ئەم مۆدێلە، وەک پێشتر باس کرا، کورتکردنەوەی سیاسەتە بۆ سیاسـەتی دەوڵەتی و دواجـار بەپاشـکۆکردنی مرۆڤ بۆ تێکەڵەیەکی دەسـەڵاتە ئـابوورییەکـان، ئـامێرە بیرۆکراتییەکان و سوپایەکی بەناویەکداچوونە سیاسییەکان.

ئێسـتا زۆر ڕەخنەگر هێرش دەکەنە سـەر ئەم ڕەوتە «دژە-سـیاسـی»یە، بەڵام لەبیری دەکەن کە دژە-سیاسەت خۆی هەوڵە بۆ لاوازکردنی سیاسەت بەگشتی. ڕاستڕەوەکانی ئەمڕۆ دەیانەوێت لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی گوتاری دژە-سیاسییەوە بۆشاییەکی سیاسی دروست بکەن، تا لە بۆشـایی و فەوزادا ئاسـانتر حوکم بکەن، وەک یەسـوعییە کۆنەکان دەیانگوت پشـێویی و فەوزا دروسـت بکەن، چونکە لەو کاتەدا حوکمی دیکتاتۆریی ئاسانتر دەبێت.

[29]Roberto Esposito, *Categories of the Impolitical*, Fordham University Press, New York, 2015.

# ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا

لە ئاستی جیهانیدا لە میانەی ساڵانی ڕابردوودا شەپۆلێکی سەرنجڕاکێشی بزووتنەوەی خوێندکاران بوونی هەبووە. ئەوەی ئەم بزووتنەوە تازەیە جیا دەکاتەوە ئاراستەکەیانە بەرانبەر بە ڕادیکاڵییەتێکی زۆر سیاسییانەتر بەراورد بە زۆرترین فۆرم و شێوازەکانی ناڕەزایەتیی خوێندکاری لە دەیەی ١٩٨٠ و ١٩٩٠دا. ئەوان خۆیان سنووردار نەکردووە بۆ ناڕەزایەتیی دەربڕین دژی کێشە جۆراوجۆرەکانی بەردەم خوێندکاران (وەک بەرزیی کرێی مانگانەی خوێند، کەمکرانەوەی بەهای نمرەکان و ئاستەکان و هتد)، بەڵکوو هەروەها خۆیان وەک بەشێک لە بزووتنەوەیەکی بەرفراوانتر دژی نیۆلیبرالیزم و فۆرمی هەنووکەیی سیاسەتەکانی سەرمایەداری پیشان دا. ئەمەش هاوشان بوو لەگەڵ بەشدارییکردنی خوێندکاران لە فۆرمە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەکەدا دژی بەجیهانیبوون، لە هەڵمەتە یەکەمینەکانەوە دژی بێگارخانەکان(sweatshops)ەوە بۆ خۆپیشاندانە گەورە ئەنتەرناسیۆنالییەکان. ئەم بەسیاسیبوونەوە تازەیەی ناڕەزایەتیی خوێندکاری تەنانەت بە شێوەیەکی زۆر ڕوونتر لە زۆربەی بزووتنەوەکانی پاش ٢٠٠٥ دەرکەوتووە (بزووتنەوەی خوێندکاریی یۆنان ٢٠٠٦-٢٠٠٧، ڕێکخستنی فەڕەنسی ٢٠٠٥-٢٠٠٦، تەقینەوەی دیسێمبەری ٢٠٠٨ی لاوانی یۆنانی، شەپۆلی ٢٠٠٩ی داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنەکان لە کالیفۆرنیا، خۆپیشاندانەکانی ٢٠١٠ی خوێندکاران لە بریتانیا و بزووتنەوەی خوێندکاری لە کوێبێک لە ٢٠١٢ و شەپۆلێکی نوێی بەسیاسیبووی بزووتنەوەی خوێندکاری لە کوردستان لە ٢٠٢١دا)[٣٠].

---

[٣٠] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی بزووتنەوە خوێندکارییە ناڕەزایەتییە تازەکان بگەڕێنەوە بۆ:
Tania Palmieri and Clare Solomon (eds.): *Springtime: The New Student Rebellions*, Verso, London, 2011.

هەروەها خەسڵەتێکی جیاکەرەوەی دیکەش دەرکەوتنی بزووتنەوەکە بووە هاوشانی ئەم بزووتنەوەیەی شەپۆلێکی نوێی تیۆریزەکردنی ڕەخنەیی. ئەمەش هاوشانی ئەو ڕاستییە بووە کە زۆرێک لە ئەندامانی فەکەڵتی یاخود بەشـــە بچووکترەکان و خوێندکارانی ماجستێر پشتیوانی بزووتنەوەکەیان کردووە و بەشداریشیان تێدا کردووە (ئەمەش بە ئامادەیی ئەکادیمییە ڕادیکاڵەکانی ناو بزووتنەوەکە لە بریتانیا و ئەمریکادا ڕوونتر دەبێتەوە). ئەمەش هەروەهـا بووەتە هۆی پەیداکردنەوەی ڕەونەقێکی نوێی دیبەت و بەرهەمهێنانی تیۆری لەلایەن خوێندکاران و ئەکادیمییەکانەوە، کە دەیەوێت چالاکیی سیاسی و بەرهەمی تیۆری ئاوێتەی یەکتر بکات.

ئەمە گەشـــەیەکی زۆر گرنگە. لە لایەکەوە، ئێمە دەبێت جەخت لەســـەر هۆگری و گرنگیپێدانی تـازەکراوی گرنگیی ســـیاســـیی تیۆر بکەینەوە. ئەمە بەتەنها مـانـای تێگەیشتنێک لە سیاسەتەکانی تیۆر نابەخشێت، شتێک کە لە دیسپلینەکانی دەیەی ١٩٨٠ و ١٩٩٠دا وەک ئەدەبیاتی پاش-بونیادگەری و لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان و فیمینیزمی ڕادیکاڵ و لێکۆڵینەوە جێندەرییەکان و لێکۆڵینەوە پاش-کۆلۆنیالییەکان باو و ڕوون و ئاشکرا بوو، بەڵکوو هەروەها لە گرنگی تیۆردا بۆ سیاسەتی ڕادیکاڵی ئەمڕۆ. لە لایەکی دیکەوە، دەتوانین دەرکەوتنی فۆرمە میلیتـانتە تـازەکـانی بەرهەمهێنـانی تیۆری لە پەراوێزەکان (یاخود دەرەوەی) ئەکادیمیادا ببینین.

ئا لەبەر ئەوەیە پێویســـتمان بەوەیە بیر لە فۆرمە تازەکانی ڕۆشـــنبیرێتیی میلیتانتی دەستەجەمعی بکەینەوە، ڕێگا تازەکان بۆ دامەزراندن و دروستکردنی کاری پراکتیکی و تیۆریی میلیتانت، هێز و وزە هاوبەشـــە تازەکانی نێوان تیۆر و بزووتنەوەکە. بەڵام، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، ئێمە پێویســـتمان بەوەیە بگەڕێینەوە نەریتەکانی بزووتنەوەی شـۆڕشـگێڕ و تیۆری ڕادیکاڵ و بگەڕێینەوە بۆ هەوڵەکانیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پرســـیارە ســـەرەکی و گەورە تیۆری و پراکتیکییانەدا. لەبەر ئەوە، لەم وتارەدا هەوڵ

دەدەین مشـــتومڕ لەســـەر ئەو هەوڵانە بکەین کە تیۆرەیەکی ڕۆشـــنبیریتیی ڕەخنەیی دەخەنە ڕوو.

کوردســـتانیش دابڕاو نەبووە لەم گەشـــەســـەندنە جیهانییانە، گەڕانەوەیەکی نوێ بۆ پەیوەندیی ڕۆشنبیر و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی ڕۆشنبیر و دەسەڵات لە ئارادا بووە. ئەم شـتەش لەگەڵ دامەزراندنی گۆڤاری ڕەهەند و ڕۆشـنبیرانی ناو ئەم بازنەیە، هەمیشـــە پرســـێکی بەردەمیان بووە چۆن مامەڵە لەگەڵ چەمکی ڕۆشـــنبیر، پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا بکەن. بەڵام دیســـان خوێنەر، ڕەخنەگر و لێکۆڵەران تووشـــی بێهیوایی دەبن لەوەی ناتوانن هێڵێکی دیاریکراوی بیرکردنەوەیان ســـەبارەت بەم پرســـە گرنگە دەســـتنیشـــان بکەن. بەڵام جاروبار دەبینین لە ڕەوتی کارکردنیاندا ئەم پرســـەیان وروژاندووە. دوو لە دیارترین ڕۆشـــنبیرانی ئەم بازنەیە، مەریوان وریا قانع و بەختیار عەلی، بە شـــێوە و فۆرمی جۆراوجۆر ئەم پرســـەیان وروژاندووە. لەگەڵ ئەوەشـــدا بەســـەرکردنەوەی کۆی ڕوانگەکانیان کات و وزە و دەرفەتێکی زۆری دەوێت، بەڵام من پشت بە دوو وتاریان دەبەستم، یەکێکیان «تێکدەری یاری»، بەختیار عەلی و «لە یادی ئانتۆنیۆ گرامشـــی دا»، مەریوان وریا قانع. وتاری «تێکدەری یاری» پشـــت بە تێز و تیۆری فەیلەســـوفی کۆنزەرڤاتیڤی ئیســـپانی، خۆزە ئۆرتێگا یی گاسێت (١٨٨٣-١٩٥٥) دەبەستێت و وتاری دووەم، دەگەڕێتەوە بۆ گرامشی بۆ دیاریکردنی «بلۆکی مێژوویی» لە کوردســـتاندا. هەڵبەت گاســـێت، کە بەختیار عەلی پشتی پێ دەبەستێت، ڕۆشنبیر و بیرمەندێکی کۆنزەرڤاتیڤ و بۆ ماوەیەکیش پشتیوانی فاشیستەکانی ئیسپانیا بووە و ئەمەش بەو مانایە نایەت نووسەرەکەی بازنەی ڕەهەند، پاشان پشتی بە چەمکی چەپەکان نەبەستبێت، بەڵام لێرەوە کێشەکە ئاڵۆزتر دەبێت کە خوێنەر نەزانێت ڕەخنە لە کام ئاراســـتە بگرێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشـــدا، خاڵێکی هاوبەشـــی بەختیار عەلی هەیە لە ڕوانگەی کۆنزەرڤاتیڤییەوە بۆ ڕۆشـــنبیر تا ڕوانگە

چەپگەرییە پۆستمۆدێرنیستییەکەی هاوبەشە: ناسیاسیبوون و دژە-ئایدیۆلۆژیستبوون و دژە-خەباتی نارەزایەتیی دەربڕین. چەمکی ڕۆشنبیر پێگەیەکی پاسیڤی خۆبەدوورگر و بێباک وەردەگرێت. هەرچی وتارەکەی مەریوان وریا قانعە، بەکارهێنان و وەرگێڕانی هەڵەی گرامشییە و لێدانە لە دەرگای ئەدرەسی هەڵە. واتا لەو شوێنەدا کە بلۆکی مێژوویی لای گرامشیی بۆ خەباتی جەماوەری و خەباتی چینایەتییە، لای نووسەرەکەی پێشووی بازنەی ڕەهەند وەردەگێڕدرێت بۆ سەر پەیوەندیی هێزە ئیسلامی و نیۆلیبراڵەکانی کوردستان. لێرەوە هەردوو نووسەر بە شێوەیەکی هەڵگەڕاوە، ژێستی چەپگەریی وەردەگرن.

با سەرەتا لە وتاری یەکەمەوە دەست پێ بکەین، «تێکدەری یاری». نووسەر وەها دەدوێت:

«یەکێک لەو پێناسانەی کە هەمیشە بۆ من زۆر جێگای سەرەنج بووە، ئەو تێڕوانینەی «خۆزیە ئۆرتیگایی گاسیت» ـــە کە وا پێناسەی ڕۆشنبیر دەکات، وەک سیفەتێک کە پەیوەندی بە «منی کۆمەڵایەتی»یەوە نییە. ڕۆشنبیر بەوپێیە خواستو وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی نییە، مرۆڤ بۆ ئەوانی تر نابێتە ڕۆشنبیر... واتەڕۆشنبیر بە پێچەوانەی نوسەر یاخود زانا یاخود فەیلەسوف، یاخود مامۆستای زانستەباڵاکان، وزیفەیەکیان پلەوپایەیەکی کۆمەڵایەتی نییە، ئیشێک نییە، شێوە خۆنمایشکردنێک نییە، جۆرە خۆدەرخستنێکی تایبەت نییە لەسەر سەحنەی کۆمەڵگا. بەپێی «یی گاسێت»ڕۆشنبیر بۆ خۆی ڕۆشنبیرە، وە لەجەوهەردا دژ بە خۆیو لەگەڵ هەموو بەرەنگاریو ناڕازیبوونی خودی خۆیشیدا، ڕۆشنبیرە.

تێگەیشتنەکەی ئۆرتیگایی گاسێت، لەناو بۆچوونەکاندا تایبەتمەندی خۆی هەیە. ڕۆشنبیر لە زۆربەی پێناسەکاندا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیو فەرمانبەرێکی

ئۆرگانی ناو کایەکانی کۆمەڵگایە، بۆ نمونە پێناســـەی گرامشـــی بۆ رۆشـــنبیر، پێناســـەیەکی تەواو ســـیاســـییە، بەڵام پێناســـەکەی ئۆرتیگایی گاســـێت، دوورتر دەڕوات... زۆر دوورترو قووڵتر لە هەموو پێناسەکانی تر»[٣١].

پرســـی ئەوەی کە نووســـەر لێرەدا بە هەڵە ڕاڤەی گرامشـــی دەکات، هەڵدەگرین بۆ پەرەگرافەکانی دواتر، بەڵام لێرەدا بە ڕاستیی با بزانین گاسێت کێیە کە نووسەر هێندە پێی ســـەرســـامە؟ ســـاڵی ١٩٣٣ تا١٩٣٤ بزووتنەوەی فاشـــیســـتیی ***فالانژ ئیســـپانۆلا*** (*Falange Española*) دروســـتبوو، کە کوڕە گەورەی ژەنەڕاڵ میگوێل پریمۆ دو ڕیڤێرا، دیکتاتۆری ئیسپانیا لە نێوان ١٩٢٣-١٩٣٠، دایمەزراندبوو. لە ١٩٣٦دا بزووتنەوە و پاشان حزبەکەش بە هەمان ناو پشتیوانیان لە میلیتاریزمی فرانکۆ کرد بۆ کۆتاییهێنان بە کۆمـاری کەتەلۆنیـا. بەڵام دامەزرێنەرەکەی، خۆزێ ئەنتۆنیۆ پریمۆ دو ڕیڤێرا بە مـاوەیەکی کەم پێش جەنگی نـاوخۆیی بە تـاوانی یـاخیبوون دژی کۆمـاری دووەمی ئیسپانیا، پێش هەژموونی میلیتاریزم دەگیرێت و لە ١٩٣٦ لەسێدارە دەدرێت. پاشـان لە ١٩٣٧ تا ١٩٧٥ فرانکۆ دەبێتە سـکرتێری گشـتیی پارتەکە بەڵام لەناو میلیتاریزمی خۆیدا دەیتوێنێتەوە. ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە وردبوونەوە و نووسینەوەی دوور و درێژی ئەم مێژووە نییە، بەڵکوو کاریگەریی دوو فەیلەســـوفی نیچەیی ئیســـپانییە بەســـەر بزووتنەوەی فاشیزم و کۆنزەرڤاتیڤدا لەو وڵاتە، یەکەمیان خۆزێ ئەنتۆنیۆ، دامەزرێنەری فالانژیزم و دووەمیان، خۆزێ ئۆرتیگا یی گاسێت، فەیلەسوفی کۆنزەرڤاتیڤی ئیسپانیی کە ئایدیاکانی خزمەتیان بە بزووتنەوە ڕاســـتڕەو و فاشـــیســـتیی و کۆنزەرڤاتیڤەکان کردووە هەر لە ڕۆژگاری پێش جەنگی ناوخۆییەوە تا ئەمڕۆ. ئەمڕۆ، پارتی «ڤۆکس»ی ڕاســـتڕەو و نیۆنازیی ئیســـپانیا کە لە ٢٠١٣ دامەزراوە، و شـــاڤیار ئۆرتێگا ســـمیس

---

[٣١] بەختیار عەلی، *تێکدەری یاری*، https://www.newroz.com/so/politics/tykhdaery-yrybhkhtyr-hly

ڕابەرایەتی دەکات، لە کۆی گۆڤار و میدیا و ڕۆشـنبیرییە گشـتییەکەیدا نایشـارێتەوە کە ئۆرتێگا یی گاسێت بە ڕابەری فیکریی خۆیان دەزانن.

بەڵام لە ئیسـپانیاش، هاوشـێوەی فاشـیزمەکانی دیکە، فاشـیزم وەک چارەسـەرێک بۆ ڕەتکردنەوە و لەناوبردنی کۆمەڵگای جەماوەری، دیموکراسیی جەماوەری، ڕۆشنبیرێتیی گشـتی دەبینرا، کە وەک خۆزێ ئەنتۆنیۆ دو ڕیڤێرا لە ١٩٣٥دا هۆشـداری دابوو، ئەو کۆمەڵگایە، هاوشێوەی فاشیزمی ئیتاڵی و نازیزمی ئەڵمانی، وەک هەڕەشەی کۆمۆنیستی دەبینرا (چونکە لە هەرسێ فاشـیزمەکەدا بەرپرسـیارێتیی ڕۆشـنبیری وەک مۆرکی مارکسـیسـتی لەقەڵەم دەدرا) کە سـەرمایەداریی لیبراڵ بەهۆی لاوازییەکەیەوە توانای بەرگەگرتنی نییە:

«زوو یان درەنگ، بەڵام بەحەتمی، پێشبینییەکانی مارکس ڕاست دەردەچن. ئێمە بەرەو چڕکردنەوەی سـەرمایە، بەرەو بەپرۆلیتارییوونی جەماوەر و دواجار بەرەو شۆڕشی جەماوەری مل دەنێین، کە سەردەمێکی تۆقێنەری دیکتاتۆرییەتی کۆمۆنیسـتی بەدووی خۆیدا دەهێنێت. و ئەم دیکتاتۆرییەتە کۆمۆنیسـتییەش، دەبێت ئێمە، ئەوروپییەکان، خۆرئاواییەکان، مەسـیحییەکان بتۆقێنێت، چونکە ئاماژەیە بە ڕەتکردنەوەیەکی تۆقێنەرانەی مرۆڤ/پیاو؛ واتا توانەوەی مرۆڤ لەنێو جەماوەرێکی فراوانی بێشکڵ و شێوە، کە تێیدا تاکایەتی لەدەست دەچێت [...]. بە باشـی تێبینی بکەن کە لەبەر ئەمەیە ئێمە دژە-مارکسـیسـتەکانین؛ ئێمە بۆیە دژە-مارکسـیسـتین چونکە ئەوە سـەرمایەدارییە ئاماژەیەکی ئاوای بۆ ئەم هەلومەرجە پێداوین؛ سەرمایەداریش، ئەنتەرناسیۆنالیست و ماتریالیستە»[٣٢].

[32]Joan Maria Thomàs, *José Antonio Primo de Rivera: The Reality and Myth of a Spanish Fascist Leader*, translated by John Bates, berghahn publishing house, New York and Oxford, 2019, p.180.

کاتێ ئێرنسـتۆ خیمێنتز کابالێرۆ (١٨٩٩-١٩٨٨)، فەیلەسـوفی ئیسـپانی و هاوڕێ و هاوخەباتی پریمۆ دو ڕیڤێرا و یەکێک لە ڕابەرانی فالانژیسـت، بۆچوونەکانی هاوڕێکەی هەڵدەگرێتەوە و دەڵێت «ئێمە بە هیچ جۆرێک لێبوردەییمان بەرانبەر بە سـتەمکاریی هونەرێکی جەماوەرانی سـەرکوتکار نییە کە کۆمۆنیزمی ڕووسی، خۆرهەڵاتی، دەیەوێت بەسـەرماندا بسـەپێنێت»[٣٣]. کابالێرۆ، بە گەڕانەوە بۆ نیچە و گاسـێت دەڵێت هەردوو فەیلەسـوفەکە کۆمەکمان پێ دەکەن ڕۆحی نەتەوەییی ئیسـپانی زیندوو بکەینەوە، بەرەبەیانێکی سـەرسـوڕهێنەر دوای تاریکیی کۆمەڵگای جەماوەری و سـووکایەتی پێکردنی نەتەوەیی، ببینین. کابالێرۆ بەردەوام هێرشـی دەکردە سـەر پرۆسـەی بەجەماوەرییکردنی ئیسـپانیای مۆدێرن و ئەوروپا بە شـێوەیەکی گشـتی. کابالێرۆ وەک یار و یاوەرێکی خۆزێ ئەنتۆنیۆ پریمۆ دو ڕیڤێرا، نایشـارێتەوە کە هەردووکیان لە خەباتیاندا تەواو کاریگەر بوون بە خۆزێ ئۆرتێگا ی گاسـێت[٣٤]. هەروەها هەردووکیان کۆمەڵگای جەماوەرییان بە دەستێوەردانی بەربەرە ئاسیاییەکان و داگیرکاریی ئاسیایی دەبینی، و لەم ڕووەوە بەلشـەڤیزم و کۆمۆنیزم هێزی بەربەرە ئاسـیاییەکان بوون کە هیچ پەیوەنـدییەکییـان بە ڕۆح و خـاکی ئەوروپـاوە نییە[٣٥]، بۆیە ئەرکی مێژوویی فالانژیسـت، کۆتاییهێنانە بەم بزووتنەوەیە. هەر لەبەر ئەوە، کاتێک کەتەلۆنییەکان لە بەرەیەکی یەکگرتووی چەپەکان و سـۆسـیالیسـت و دیموکراسـیخوازەکاندا هەڵبژاردنی ١٩٣٦ دەبەنەوە، هەموو فالانژیسـتەکان دەچنە پاڵ سـوپاکەی ژەنەراڵ فرانکۆ بۆ سەرکوتی کۆماری دیموکراتیی کەتەلۆنیا.

خۆزێ ئەنتۆنیۆ پریمۆ دو ڕیڤێرا، هەمیشـە گاسـێتی بە مامۆسـتای خۆی دەزانی و گاسـێتیش هیچ کاتێک ئەم مامۆستاییبوونەی ڕەت نەکردەوە. گاسێت خۆشی تا مردنی

[33]Douglas W. Foard, *The Revolt of the Aesthetes: Ernesto Giménez Caballero and the Origins of Spanish Fascism*, Peter Lang Inc., International Academic Publishers, 1989, p.13.
[34]Joan Maria Thomàs, *José Antonio Primo de Rivera,* op.cit, p.303.
[٣٥]هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

له ١٩٥٥دا بەردەوام پشـــــتیوانی له ڕژێمی میلیتـاریی ژەنەڕاڵ فرانکۆ دەکرد و لەژێر حوکمی ئەودا بەرهەمە فەلســـــەفییەکانی بڵاو دەکردەوە و له زانکۆکانەوە دەیویســـــت کۆدەنگی بۆ ئەم ڕژێمە دروست بکات. بەڵام ئەوەی له ڕاستیدا زۆر گرنگە باس بکرێت، بەرهەمە فەلســـــەفییەکانییەتی دژی کۆمەڵگای جەماوەری بەناوبانگترین بەرهەمی لەم بوارەدا کتێبی «ڕاپەڕینی جەماوەران»ـــــــە(١٩٢٩). کابالێرۆ خۆی دانی پێدادەنێت کە «ڕیشـــەکانی فاشـــیزم [و فاشـــیزمی ئیســـپانی] [...] پاگانی، 'بەرزەمرۆڤ'ن. ئەوەی ئێمە هەموویان ئۆرتێگایی بوون. ئەوان سەروەرانی ئێمە بوون»[٣٦].

له ڕاسـتیدا کتێبی ***ڕاپەڕینی جەماوەرانی*** گاسـێت[٣٧] بەقووڵی له ڕەتکردنەوەی دەسـەڵات و کۆمەڵگا و مۆدێرنیتەی جەماوەریدا، ڕۆحی فاشـیزمی ئیسـپانیی تەنیوەتەوە. گاسـێت هەروەها هاوشـــێوەی هاوچەرخەکانی، زمانێکی شـــێوە بایۆلۆژی بەکار دەهێنێت، تا خەسڵەتەکانی کۆمەڵگای جەماوەری دەستنیشان بکات و باس له چارەسەرێکی ڕەگەزی «تەندروســـــت» (نوخبەی ئەریســـــتۆکرات) بەرانبەر بە ڕەگەزی «نەخۆش» (مرۆڤی جەماوەری) دەکات. مرۆڤی جەماوەری ڕەگەزی نزمتر، «داوەشـــــاو»ن و له پشـــــتی ئەخلاقیاتێکی کۆیلەوە وەســـتاون تا کولتووری نوخبە و باڵا و ئەریســـتۆکراتی خۆرئاوا لەناو بەرن. بە کورتی، دوژمنی ڕۆحی ئەریستۆکراسی ئیسپانی، ئەو مرۆڤە جەماوەری و عەوامە بوو کە له کۆمەڵگای جەماوەریدا بەرجەســـتە بووبوو. فاشـــیزمی ئیســـپانی، هاوشـــێوەی فاشـــیزمەکانی دیکە، وەک گاســـێت له ١٩٢٩دا پێشـــبینی کردبوو، ئامانجی کۆتاییهێنان بەم سەردەمەی «ئیمپراتۆریەتی جەماوەر» بوو.

[٣٦] بۆ زیاتر خوێندنەوەی کابالێرۆ وەک «فالانژیستێکی لەبیرکراو» بگەڕێنەوە بۆ:
Douglas W. Foard, *The Forgotten Falangist: Ernesto Gimenez Caballero*, Journal of Contemporary History, No. 10 (1), 1975, pp.3-18.

[37] José Ortega y Gasset, *The Revolt of the Masses*,Norton & Company, New York and London, 1994.

یەکێک لە کێشـــە هەرە بنچینەکانی وتارەکەی بەختیار عەلی، نەبوونی ســـەرچاوە و گەڕانەوەی زانســتییە بۆ گاسـێت، ئێمە بە هیچ جۆرێک نازانین فەیلەسـوفە ڕاسـتڕەوە ئیسـپانییەکە لەکوێ ئەم قسـانە دەکات، بەڵام هاوکات دارِشـتنەوەیەکی نووسـەر بۆ ڕوانگەکانی گاسـێت هەن لەو شـوێنەی کە هەردووکیان پێیان وایە ڕۆشـنبیر نەک بەشـدارە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتییدا، بەڵکوو کتومـت دژی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی دەوەسـتێتەوە. بەختیار عەلی نایشـارێتەوە کە وەزیفە، ئەرک و بەرپرسـیارێتیی ڕۆشـنبیران هیچ نییە جگە لە فەرمانێکی سـیاسـی «ڕۆشـنبیر لەو کاتەدا دەمرێت کە دەبێت بە کۆپیڕۆحی گشـتی»[٣٨]. لەگەڵ ئەوەشـدا ئەوەی لە بیرمەندە ڕاسـتڕەو، کۆنزەرڤاتیڤ و فاشـیستەکانی سـەدەی بیستەوە ماوەتەوە، دەزانین تەنانەت خودی چەمکی ڕۆشـنبیریش دیاردەیەکی جەماوەری و سـەردەمی ڕۆژنامەیە و هیتلەر و موسۆلینی هیچ کاتێک گاڵتە و سووکایەتیی خۆیان بە ڕۆشنبیران نەدەشاردەوە، چونکە وەک چۆن پریمۆ دو ڕیڤێراش دەسـتنیشـانی کردووە، ڕۆشـنبیرێتیی خۆی دیاردەیەکی «کۆمۆنیسـتە بەربەرەکـانە». ئەوەی لەم نووسـینەی بەختیـار عەلیدا دژبەر و پارادۆکسیکەڵە، هەم نازانرێت سەرچاوەی قسەکانی گاسێت کوێن و هەمیش بەوەدا کە چەمکی ڕۆشنبیر وەک چەمکێکی فەلسەفی یان سەرچاوەی فەلسەفە لە فیکری گاسێتدا ڕاڤە دەکات، دەکەوێتە کێشـە و ناکۆکییەوە، چونکە لە هیچ شـوێنێکدا گاسـێت شـتێکی وەها ناڵێت.

وتاری دووەم کە دەربارەی گرامشـییە، مەریوان وریا قانع لە وتارەکەیدا دەربارەی گرامشی دەنووسێت:

«گرامشـی داهێنەری کۆمەڵێـک چەمکی فیکرییو میتۆدیی تـازەو گرنگە کە بەشـداریەکی ڕاسـتەوخۆیان لە تازەکردنەوەی فیکری سـیاسـییو کۆمەڵایەتییدا

[٣٨] بەختیار عەلی، *تێکدەری یاری*، https://www.newroz.com/so/politics/tykhdaery-yrybhkhtyr-hly

کردوه، بە تایبەتی تازەکردنەوەی مارکسیزم. چەمکە هەرە گرنگەکانی گرامشی بریتین لە چەمکی "هەیمەنە"، "شۆڕشی پاسیڤ"، "بلۆکی مێژوویی"، "ڕۆشنبیری ئۆرگانیی"،"جەنگی پێگە"، "جەنگی دەستەویەخە"، "کۆمەڵگای مەدەنیی"، "دەوڵەت" هتد..

لە دونیای ئێمەدا هەندێک لەم چەمکانە دەتوانن هاریکارمان بن بۆ تێگەیشتنێکی باشترو سودمەندتر لەو واقیعە مێژووییەی ئەمڕۆکە ئێمە لەناویداین لە پێش هەمووانیشەوە بۆڕزگاربوون لەڕەشبینیی‌و پاسیڤیزمی فیکریی‌و سیاسیی‌و فەرهەنگیی، بۆ تێگەیشتنێکی باشترو بەسەمەرتر لەڕۆڵیڕۆشنبیر، بۆ وێناکردنێکی ئالۆزتری پەیوەندی نێوان نێوان فیکرو واقیع‌و فیکرو پراکتیکی کۆمەڵایەتیی. هتد..»[٣٩].

بەڵام لە چاوپێکەوتنێکدا ئامانجی ئەم چەمکانە بۆ کۆمەڵگای کوردی دیاری دەکات و لە هەوڵیدا بۆ دروستکردنی بلۆکێکی مێژوویی دژ بە پارتی، لەنێوان هێزە ئیسلامییەکان و بەرهەم ساڵحدا بەم جۆرە پێناسەی «بلۆکی مێژوویی» دەکات:

«ڕەنگە مێژووی ئێمە هیچکاتێک بەڕادەی ئەمڕۆ پێویستی بەو بۆچوونەی گرامشی نەبووبێت کە باس لەدروستبوونی "بلۆکێکی مێژوویی" دەکات، واتە باس لەکۆبوونەوەی کۆمەڵێک هێزی جیاوازدەکات لەدەوری کۆمەڵێک داواکاری کۆمەڵایەتی‌و سیاسی هاوبەش، بەکورتی ئەو عەقڵیەتەی پێیوایە نابێت داواکاری شەقام‌و داواکاری ئۆپۆزسیۆن‌و داواکاری رۆشنبیران لیکبچن، عەقڵیەتێکی ترسناکە، عەقڵیەتێکە ڕێگە لەهەموو کارێکی پێکەوەیی ڕاستەقینە دەگرێت،

---

[٣٩]مەریوان وریا قانع، لە یادی ئانتۆنیۆ گرامشی دا، http://www.rwangauraxna.com/detail.aspx?IDNews=1776

تێبینیی: دەستکاریی ڕێنووس و فاریزە و کەوانەکان نەکراوە و وەک خۆی گواستراوەتەوە، من بەرپرسی ئەمجۆرە ڕێنووسە نیم. پێشڕەو

ناهێڵێت سـیاسـەت بەمانای چالاکییەکی کۆمەڵایەتی دەسـتەجەمعی لەدایک ببێت»[40].

لە نیگای یەکەمدا وا دەردەکەوێت، ئەم پەرەگرافە بەرگریکردن بێت لە سـیاسـەت و بەرژەوەندیی گشـتی، بەڵام لە بنەڕەتدا هەڵگەڕاندنەوەی تێز و تیۆرەکەی گرامشـییە. لە ڕاستیدا گرامشی باس لە دوو جۆری ڕۆشنبیران دەکات. یەکەم ئەوانەن کە پێیان دەڵێت ڕۆشـنبیرانی نەریتی، کە بەتەواوی هەم لە ڕوانگەی مێژوویی و هەم لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیی-کۆمەڵایەتییەوە پێناسـەیان دەکات. پێناسـەی مێژوویی ڕۆشـنبیرانی نەریتی ئـامـاژەکردن بەو شـێوازەی کـارکردن و پێکەوەیی ڕۆشـنبیران لەگەڵ مۆدێلێکی بەرهەمهێنـان کە پێویسـتە لەلایەن ئەو ڕۆشـنبیرانەی لەگەڵ دەرکەوتنی چینێک و مۆدێلێکی نوێی بەرهەمهێناندا کار دەکەن، بەکار بهێنرێت. بۆیە، بۆ نموونە، ڕۆشـنبیرانی ناو مۆدێلی فیودالی بەرهەمهێنان (قەشـەکان، زاناکان، هونەرمەندان)، دەبوو ئاوێتە ببێت و دووبارە بەگوێرەی پراکتیکە تازەکان و پێداویسـتییە تازەکانی مۆدێلی بەرهەمهێنانی سـەرمایەداری، دووبارە بەگەڕ بخرێتەوە[41]. بە هەمان شـێوە، ئەو ڕۆشـنبیرانەی لەناو سـەرمایەداریدا گەشـەیان کردووە، دەبنە ڕۆشـنبیرانی «نەریتی» لە بەرانبەر بە گەشـەسـەندنی مۆدێلێکی سۆسـیالیسـتی بەرهەمهێنان، و دووبارە پێویسـت بە توانەوە لەنێو ئەولەویەتە تازە کۆمەڵایەتییەکان و پێداویسـتییەکان دەکات. گرامشـی هەروەها ڕۆشـنبیرانی نەریتی سـەرەڕای ئاوێتەبوونیشـیان وەک ئەوانە پێناسـە دەکات کە لە ناو مۆدێلی بەرهەمهێنانی سـەرمایەداری دوور لە پێداویسـتییە ئابووری و سـیاسـییەکانی چینی سـەرمایەدار مانەوە. دووبارە قەشـەکان و فەیلەسـوفان و لەوانەیە زۆربەی هونەرمەندان و لێکۆڵەرانی زانسـتە مرۆییەکان لەناوەوەی ئەکادیمیادا کەوتوونەتە نێو

---

40 http://mariwan-kanie.blogspot.com/2011/03/blog-post_27.html

41 Antonio Gramsci, *A Gramsci Reader*, edited by David Forgacs, Lawrence and Wishart, London, 1988, pp.10-11.

ئەم جۆرەی کارکردنی ڕۆشنبیرییەوە، کە دەکرێت تیایاندا بەها میتافیزیکییە نا-ئامرازییەکان دەستنیشان بکرێن. ئەم ڕۆشنبیرانە "نەریتیین" کاتێک بەراوردی کاتیگۆرییەکی سەرەکیی دیکەی گرامشی دەکرێن: ڕۆشنبیرانی ئۆرگانی.

بۆ تێگەیشتن لە چەمکی ڕۆشنبیرانی ئۆرگانی، ئێمە دەبێت سەرەتا ئەم چەمکە بە دوو چەمکی دیکەی ناو کارەکەی گرامشییەوە ببەستینەوە: کۆمپانیای-ئابووری و هەژموون. گرامشی دەڵێت: وشیاریی سیاسیی چینێکی باڵادەست یەکێکە لەوانە دەبێت تەنها بەرگری لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆی دەکات. سەرەتا دەبێت بەرەو یەکگرتن لەگەڵ بەرە و بەشەکانی دیکەی چینەکەی خۆی بڕوات، بە شێوەیەک جۆرە جیاوازەکانی سەرمایە، وەک چۆن پێشتر لە سەرمایەی پیشەسازی، دارایی، بازرگانی و سەرمایەی زەوی بە شێوەیەکی مێژوویی ئەنجام دراون. ئەگەر چینێک تەنها لە ئاستی بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆیدا بووەستێت، ئەوا لە ئاستی کۆمپانیایی-ئابووریدا دەوەستێت. لەودیوی دامەزراندنی پێکەوەیی و وابەستەیی ناو-چینەکەوە چینێکی باڵادەست دەبێت بچێتە ئەودیوی بەرژەوەندییە دەستەجەمعی و کۆییەکانی خۆیەوە زەمینەی ئەخلاقی-سیاسی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێت، تا هەموو چینەکانی دیکە بەوە ڕازی بکات کە بەرژەوەندییەکانیان دەکرێت لە ڕێگای یەکگرتنی خۆیان یان قبوڵکردنی حاکمییەتی چینی باڵادەست بەدی بهێنرێت. کاتێک چینێکی باڵادەست دەگات بەمە، یان ئەمە بەدەست دەهێنێت، ئەوە بەتەنها باڵادەست نییە، بەڵکوو هەژموونی یاخود خاوەن هەژموونیشە[٤٢]. سەبارەت بە هەژموون گرامشی مەبەستی ئەوەیە کە ئەمە چینێکە (لانی کەم لە هەندێک ئاستدا) ڕەزامەندی و لارینەبوونی چینە چەوساوەکان بە هەلومەرجی خۆیان دەباتەوە.

[٤٢] هەمان سەرچاوە، ل.٢٠٥-٢٠٦.

ئەوە ڕۆڵی ڕۆشـــنبیرانی ئۆرگانییە ئەم ڕەزامەندییە بەرهەم بهێنن و بۆ ئەنجامدانی ئەمەش ئەوان بەگشـــتی کار بۆ گۆڕین و کاریگەریی ئەجێندا کولتووری، ئەخلاقی و سیاسـییەکان دەکەن. بە شـێوەیەکی کلاسـیکی، ڕۆشـنبیرانی ئۆرگانی دەکرا لەنێو پارتە سـیاسـییەکاندا بدۆزرابانەوە، لە سـەرووی باوەڕپێکراوترین ڕۆژنامەکان، لە پەیوەندییە گشـتییەکان و بانگەشـەکاندا و لەوانەیە ئەمڕۆ لە تینک تانکەکاندا. ئەم ڕۆشـنبیرانە بە شـێوەیەکی ئۆرگانی وابەسـتەن بە پێداویسـتییە ئابووری و سـیاسـییەکانی چینی باڵادەسـت. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ئەمانە ئەو بیرمەند، ڕاڤەکار، سـەرپەرشـتیار (سـەرنووسـەر)، نووسـەران، پێشـکەشـکارانی ڕادیۆ و هتدن کە هەوڵ بۆ ڕازیکردنی دانیشـتووانی گشـتی دەدەن کە نیۆلیبرالیزم و بـازاڕی ئـازاد واتـا ڕیفۆرمی پێشـکەوتووخوازانە و سـەرهەڵدانی دیموکراسـی. بێگومان لە کوردسـتانیش هەمیشـە بەشـێک لە ڕۆشـنبیرانی بازنەی ڕەهەند بەڕاشـکاوی بانگەوازیان بۆ ئەوە کردووە کە بازاڕی ئازاد و نیۆلیبرالیزم گەرەنتیی دیموکراسییە. بەڵام هاوکات ڕۆشنبیرانی ئۆرگانیی هەژموونی پێچەوانەش هەن، کە دەکرێت بە پاڵ ڕۆشـنبیرانی ئۆرگانی و نەریتییەوە ئاوا پۆلێنیان بکەین:

یەک) ڕۆشـنبیرانی ئۆرگانیی هەژموونی کە لەپێناوی چینی سـەرمایەداردا کار دەکەن و کەسـابەتە سـەرەکییەکەیان یارمەتیدانی دروسـتکردن و پێکهێنانی ئەجێندای فراوانی ئەخلاقی-سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییە.

دوو) ڕۆشـنبیرانی ئۆرگانیی هەژموونی پێچەوانە. ئەوان کار لەسـەر خسـتنە ژێرپرسـیاری چوارچێوە باڵادەسـتەکانی مەرجەعییەت، گریمانە باڵادەسـتەکان و ئەو ڕەوتە سـیاسـییە باڵا دەسـتانە دەکەن کە لە بەرژەوەندیی سـەرمایەداری دەجووڵێنەوە. ئەوان بە شـێوەیەکی ئۆرگانی وابەستەی ئەو چین و گروپانەن کە

ســــەقامگیری بۆ ئەوان بریتییە لە «دۆخێکی لەناکاو». ئەم گروپەش بە نۆرەی خۆی دەکرێت دابەش بکرێت بۆ:

دوو. ١) ئەوانەی، هاوشێوەی مارکس و ئەنگڵس، لە چینە ناوەڕاستەکانەوە دێن، بەڵام لەڕووی ســـیاســـی، ســـایکۆلۆژی و ئایدیاڵییەوە، لە گۆشـــەنیگای پراکتیکەکانیانەوە خۆیان لەم گروپە هەژموونییە بەدوورگرت.

دوو. ٢) ئەو ڕۆشـــنبیرانەی ***لەنـاوەوەی*** چینە کرێکـارییەکـان و گروپە ژێردەســـتەکانی دیکەدا گەشـــە دەکەن (بەڵام دەبێت بەرگەی توانەوە و بێلایەنی لەناوەوەی دامەزراوە باڵادەستەکاندا بگرن و بەرانبەری بووەستنەوە).

ئێســـتا ئاوڕێک لە بلۆکی مێژوویی بدەینەوە. مەریوان وریا قانع دەڵێت: «لای گرامشـــی، فەیلەســـوفی ئیتاڵی، بلۆکی مێژوویی دروســـتکردنی ئەو وێنە گشـــتییە و ئەو زمانی خۆباسکردن و خۆشیکردنەوە و دونیابینییە کاری ڕۆشـنبیرانە، کاری ئەکادیمییەکان و میدیاکاران و فیلمسازان و هونەرمەندان و کادرە دڵسۆز و خاوەن ویژدان و تێگەیشتنە ســـیاســـییەکانی ناو حیزب و دەرەوەی حیزب و خوێندەوارە دینیی و نادینییەکان و چالاکەوانانی کۆمەڵگای مەدەنیی و ئافرەتان و ئەوانیترە».

بەڵام با بزانین ئەنتۆنیۆ گرامشـــی خۆی چی دەڵێت: «بلۆکی مێژوویی بریتییە لە خەبات بۆ هەژموون و خەبـاتێکە بۆ بلۆکێکی نوێی مێژوویی، واتـا ڕێکخســـتنی بەرنـامە ئینتیقالییەکان لە خەباتی هاوبەشەوە سەرچاوە دەگرن، تاقیکردنەوەی چینە چەوساوە و ژێردەســتەکان، فۆرمەکانی ڕێکخســتن، پراکتیکە تازە ســیاســییەکان و ڕۆشــنبیرە تازە سیاسی و بەسیاسیبووەکانە. [...] بلۆکی مێژوویی ستراتیژ و تاکتیکی سۆسیالیست و چەپەکانە بۆ دامەزراندنی هەژموونی پێچەوانە دژی هەژموونی بۆرژوازی»[٤٣].

---

[٤٣] بڕوانە:

دەکرێت لێرەدا هەڵەوەرگێڕانەکانی مەریوان وریا قانع بەم جۆرە دیاری بکەین:

١) گرامشــی تەنها وەک فەیلەســوفێکی ئیتاڵی لە قەڵەم دەدات و ناوی ســەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی لێ دەکاتەوە تا لەگەڵ ئەجێندای لیبراڵی دامەزراندنی بلۆکی مێژوویی نێوان هێزە ئیسلامییەکان و نیۆلیبراڵەکان بیگونجێنێت.

٢) گرامشیی تێزەکە بۆ لێدان و خستنی هەژموونی بۆرژوازی بەکار دەهێنێت، مەریوان وریا قانع بەپێچەوانەوە بۆ ڕاگرتن و بەهێزکردنی هەژموونی بۆرژوازی.

٣) گرامشی وەک تاکتیک و ستراتیژی پارتە سۆسیالیست و چەپەکان دەیبینێت (دژی فاشــیســتەکان، کڵێســاییەکان، بۆرژوازی)، مەریوانوریا قانع بۆ یەکخســتنی کۆمەڵ و یەکگرتوو (ئیســلامیســت)، بەرهەم ســاڵح (نیۆلیبراڵ) و بزووتنەوەی گۆڕان (نیۆلیبراڵ و پۆپۆلیست).

٤) گرامشـــی هێزە کۆمەڵایەتییەکـانی نـاو بلۆکی مێژوویی دیـاری دەکـات: چینە ژێردەستەکان، کرێکاران، چەوساوان و ڕۆشنبیرانی سیاسی (کە پاشان ناویان دەنێت ڕۆشـــنبیرانی ئۆرگانیی هەژموونی پێچەوانە)، مەریوان وریا قانع نەک بۆ بەهێزبوونی چینە ژێردەســتەکان، بەڵکوو ڕێک بەپێچەوانەوە بۆ یەکخســتنی ســەردەســتەکان دژی سەردەستەیەکی دیکە، بەکاری دەهێنێت.

گەڕانەوەی ڕۆشنبیرانی ئۆرگانی بۆ تێز و تیۆرەی چەپەکان، شتێکی تازە و دیاردەیەکی کوردی نییە، بەڵکوو ڕەگ و ڕیشــەیەکی مێژوویی هەیە. واڵتەر بنیامین ناو لەم جۆش و خرۆشە دەنێت «ماخولیای چەپڕەو» (١٩٣١) و دەنووسێت:

Antonio Gramsci, *Selections from Political Writings 1910–1920*, edited by Quintin Hoare, translated by John Mathews, Lawrence and Wishart, London, 1977.

> «کارکرد و وەزیفەیان ئەوەیە لەڕووی سیاسییەوە قسە لەپێناوی گروپ و فرقەکاندا بکەن نەک بۆ پارت و حزبەکان، لەڕووی ئەدەبییەوە بۆ مۆدێلەکان نەک بۆ قوتابخانەکان بدوێن، لەڕووی ئابوورییەوە قسە بۆ بکەرە [بازرگانییەکان] بکەن نەک بۆ بەرهەمهێنەران. و لە ڕاستیدا، لە ١٥ ساڵی ڕابردوودا ئەم ڕۆشنبیریی (ئینتلیجێنتسیا) چەپڕەوە بە بەردەوامی بووەتە بکەری هەموو پێکەوەییە ڕۆحییەکان (*geistigen Konjunkturen*) لە ئەکتیڤیزمەوە[٤٤] بۆ ئێکسپریسیۆنیزم و لەوێوە بۆ ***ئۆبژێکتیڤیتەی نوێ***. بەڵام گرنگی و مانا سیاسییەکەی بەهۆی گواستنەوە و بەرز و نزمی ڕامانە شۆڕشگێڕییەکان لە پەلوپۆپ کەوتبوو و بێکەڵک بووبوو، هەر هێندەی لە بۆرژوازییەوە بەرزبوونەوە، چوونە نێو ئۆبژێکتەکانی پەرتەوازەیی، سەرسامی، کە دەکرا لەپێناوی بەکاربردندا بخرێتە ڕوو»[٤٥].

ئەم گوتارە و گەڕانەوەیە بۆ دیدگای چەپەکان لە ساتە قەیراناوییەکاندا، لە فۆرماڵدا وا دەردەکەوێت پێشکەوتووخواز و ڕادیکاڵ بێت، بەڵام هەروەک بنیامین دروست دەستنیشانی کردووە: «ئەم ڕادیکاڵیزمە چەپڕەوە، کتومت ئاراستە و ڕێچکەیەکە بەرانبەر بەو شتەی چیتر بەگشتی هیچ پەیوەندییەکی کردەی سیاسی بەرانبەری بوونی نییە. ئەمە بۆ چەپی ئەم یان ئەو ئاراستەیە نییە، بەڵکوو بەسادەیی بۆ چەپی ئەو شتەیە کە لە گشتدا مومکینە و دەگونجێت. لەبەر ئەوەی لە سەرەتاوە هەموو ئەوەی بیری لێ کراوەتەوە چێژگەیانەدن بە خۆیەتی لە ئارامییەکی تەواو نیگەتیڤدا. بەدگۆڕان و وەرچەرخانی خەباتی سیاسی لە بڕیارێکی ناچارییەوە بۆ نێو ئۆبژێکتێکی چێژ و

---

[٤٤] ئەکتیڤیزم بزووتنەوەیەك بوو دەگەڕایەوە بۆ ساڵانی سەردەمی جەنگی یەکەم؛ بانگەوازی بۆ نوخبە، واتا ڕۆشنبیران و هونەرمەندان دەکرد بەشێوەیەکی چالاك و ئەکتیڤ ئاوێتەی جۆرێکی نوێی سیاسەتە ڕۆحییەکان ببن.

[45] Walter Benjamin, *Linke Melancholie: Zu Erich Klistners neuem Gedichtbuch*, in *Walter Benjamin, Gesammelte Schriften III*, herausgegeben von Hella Tiedemann-Bartels, Surhkamp Verlag, Frankfurt am Main, 1972, s.279-283.

خۆشی، لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە بۆ نێو وتارێکی بەرکاربردن – واتا دوایین لێدان و زەربەی ئەم ئەدەبیاتە»[٤٦].

ئەم ڕوانگەیە بۆ ڕۆشنبیر لای هەردوو ڕۆشنبیرەکە، ئامانجی ئەوەیە بە فراوانی خۆی لە خواستە جەماوەرییەکانی کۆمەڵگا، خوێندکاران، ژنان، هەژاران، گروپە ژێردەستەکان بدزێتەوە و وەک چۆن لە پرسی ڕۆشنگەریدا بینیمان، لێرەشدا ئەم ڕۆشنبیرێتییە بە هیچ شێوەیەک ئەگەر هاوپەیمانی دەسەڵاتدارانیش نەبێت، هیچ هاوسۆزییەکی بۆ ژێردەستەکان و چەوساوەکان نییە و بگرە بە چەمکگەلی وەک «گاگەل، عەوام، مێگەل، گەمژە، سیاسی، ئایدیۆلۆژیست» و هتد خەباتەکانیان بێ بەها دەکات. ئەگەر دوا نموونە بۆ ئەم بەشە بهێنینەوە، باس لە دوایین هەوڵی مەریوان وریا قانع بکەین بۆ بێبەهاکردنی هەوڵی دەستەجەمعیی سیاسی و ڕۆشنبیریی لاوان و خوێندکاران لە کوردستان. ساڵی پار کتێبی «فیکری ڕادیکاڵ: دەربارەی سەید قوتب و سلاڤۆ ژیژێک و لیبرڵیزم» لەلایەن دەزگای سەردەمەوە بڵاو دەبێتەوە. جگە لەو سەردێڕانەی لە نیگای یەکەمدا کۆی دیدگای نووسەرەکەمان بۆ ئاشکرا دەکات، بەڵام بە وردبوونەوە لە ناوەرۆکدا، بەر کۆمەڵێک پارادۆکس و هەوڵی هێرش و جەنگی ئایدیۆلۆژی بۆ سەر گروپە ژێردەستە و چەوساوەکانی کۆمەڵگای کوردی دەبینین.

کوردستان بە دیاریکراوی لە ٢٠٠٣ بەدواوە، مەیدانێکی سەلامەتی بازاڕی ئازادە بۆ کۆمپانیا فرەنەتەوەکان، ئێستا کە کۆی کەرتی گشتی لەو وڵاتەدا ڕسوا کراوە و بە کۆمپانیا تایبەت و حزبییەکان فرۆشراوە و نەک تەنها باشتربوون لە داهاتی تاکدا ڕووی نەداوە، بەڵکوو خراپتریش بووە و کەرتەکانی تەندروستی، پەروەردە، خوێندنی باڵا، کولتوور، کارەبا، ئاو و هەموو شتێک وێرانکراوە و ئێستاش شەقامە گشتییەکانی کوردستان بە کەرتی تایبەت فرۆشراون بۆ ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕێبواران و

---

[٤٦] هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

شـۆفێران پارەی وەسـتان و ڕۆیشـتن بەسـەر شـەقامەکانیش بدەن، نووسـەری کتێبی فیکری ڕادیکـاڵ ڕەخنەگرتن لەم جۆرە لیبراڵیزمە هـار و دڕنـدەیە بە «نەخۆشـــیی ســـایکۆلۆژیی و دەروونیی» ناو دەبات و لە ڕێگای بەکارهێنانی ناوی ژیژەک وەک «مەترسـیدارترین فەیلەسـوف بۆ سـەر لیبراڵیزم و سـەرمایەداری» و بەراوردکردنی بە «توندڕەویی ئیســـلامی: ســـەید قوتب»، دەیەوێت خەونی ئەو گەنجانەی ڕەخنە لەم سـیسـتەمە دەگرن، بێبەها بکات. نووسـەر ژیژەک وەک مەترسـییەکی گەورە لەسـەر سـیسـتەمی جیهانی دەبینێت، ئەگەرچی لە جووڵەیەکدا وا پیشـانی دەدات کە لە نیگای گلۆبالەوە سـەیری پرسـەکە دەکات، بەڵام بە وردبوونەوە لە ئاسـتی جیهانی، بۆمان دەردەکەوێت نووسـەر کتومت لە ڕوانگەی کۆمەڵگای کوردییەوە سـەیری پرسـەکە دەکات. چونکە ژیژەک ئەمڕۆ لە ئاسـتی جیهانیدا نەک تەنها لەسـەر چەپی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕ حساب ناکرێت، بەڵکوو لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەوەی پێی دەگوترێت «قەیرانی پەنابەران» ژیژەک کەوتە بەرگریکردن لە بەهاکانی ئەورووپا و هـاوشـانی بیرمەندە ڕاسـتڕەوەکان داوای داخسـتنی سـنوورەکانی دەکرد و ئەمەش لە ئاسـتی دونیادا وەک سکانداڵ دەردەکەوێت.

شـاری بەرلین کە ئەمڕۆ بووە بە هیوای چەپەکانی ئەورووپا، کەس ژیژەک وەک مۆدێل سـەیر ناکات. بەڵکوو بگرە ناوی لە بازنەیەکی زۆر بچووکی ڕۆشـنبیراندا نەبێت، بوونی نییە. بەڵام ئەگەر ئێمە لە سـیاقی کوردسـتاندا بڕوانین، ژیژەک بەپێچەوانەوە ڕۆڵی چەپێکی ڕادیکاڵی ڕەخنەگر دەگێڕێت، بەتایبەت بۆ ئەو لاوانەی ئەم سـیسـتەمە هارە لیبراڵە تەواو هاڕیونی و ڕۆژانە سـووکایەتی بە کەرامەتی مرۆییان دەکات، ژیژەک ڕێک لای ئەوان ڕۆڵی ڕەخنەگرێک دەگێڕێت کە دەتوانێت یارمەتییان بدات پەی بە درز و کەلێن و کارەسـاتەکانی سـیسـتەمەکە بەرن. ژیژەک ڕەنگە لە ئەورووپا وەک چەپی مارکسیسـت یان ڕادیکاڵ نەبینرێت، بەڵام لە کوردسـتان ئەم وەزیفەیەی وەرگرتووە، جا

لێرەوە بەئاسانی دەگەین بەو ئەنجامەی مەریوان وریا قانع ڕێک لە گۆشەنیگای لاوێکی سەرکوتکراوی کوردستانەوە سەیری ژێژەک دەکات و هیواکانی ئەم لاوە ژێردەستەیە بێبەها دەکات. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم جۆرە ڕۆشنبیرییە لە کاتەکانی دیکەدا بەرگە ماخولیا چەپڕەوییەکەی دادەنێت و ناڕاستەوخۆ دەبێتە هاوسۆز و هاوپەیمانی نەک ژێردەستەکان، بەڵکوو سەردەستەکان. یەکێکیش لەو چەمکانەی بازنەی ئەم ڕۆشنبیرانە لە کاتی دامەزراندنی گۆڤاری ڕەهەندەوە تا ئێستا بەکاری دەهێنن بۆ بێبەهاکردنی هەموو بیرۆکە و فیکرەیەکی دەرەوەی خۆیان، کورتکردنەوەی لاوان، ڕەخنەگران و بیرجیاوازەکانە بۆ کۆمەڵێک بکەری خاوەن بوغز، کینە و ڕق و ئەوانەی چاویان بە «دەسەڵاتی مەعریفە»ی ئەوان هەڵنایەت. بەکارهێنانی چەمکی بوغز و کینە، باشترین میکانیزم بووە تا ئێستا ئەم ڕۆشنبیرانە دژی هەموو بیرێکی جیاواز بەکاریان هێناوە.

تەنانەت ئەم جۆرە میکانیزمەی کوشتنی دەروونی و ڕۆحیی لاوانی جیاواز و خوازیاری گۆڕانی ڕیشەیی لە کۆمەڵگادا ڕیشەیەکی دوور و درێژی لەناو هەموو بزووتنەوە کۆنزەرڤاتیڤ و ڕاستڕەوەکاندا هەبووە، نەیارەکانیان بە نەخۆش، داوەشاو، میکرۆب، دژ بە شارستانییەت و کولتوور و هتد لە قەڵەم داوە. تەنانەت ئەمڕۆ لیبراڵەکانی خۆرئاواش ڕێگا بە خۆیان نادەن بەهیچ جۆرێک لە بەکارهێنانی زاراوەی «نەخۆشیی سایکۆلۆژی» بۆ ڕەخنەگرانیان نزیک ببنەوە، چونکە وشیاریی کۆیی و مێژوویی ئەم کۆمەڵگایانە بە ئاستێک گەیشتووە دەزانن ئەم دەستەواژانە ڕابردوویەکی مەترسیداریان هەیە. نموونەیەکی زەق و بەرچاو، کتێبی «خەباتی من»ی هیتلەر، چەند جارێک ناوی لیبراڵەکان دەهێنێت، بەڵام تەنها بە جۆرە ترسنۆکێک لە قەڵەمیان دەدات کە نەیانتوانیوە بەر بە هەژموونی مارکسیزم بگرن، بەڵام لە بەرانبەردا لە سەرووی دوو سەد جار زیاتر ناوی مارکسیستەکان و جوولەکەکان دەهێنێت و هەمیشە هاوەڵناوەکانی وەک

«نەخۆش، شـــێواو، داوەشـــاو، میکرۆب، دوژمن، ڕادیکاڵ، نا-ئەڵمانی و هتد» بۆ ئەوان بەکار دەهێنێت. ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای خۆرئاواییدا بەکارهێنانی دەســـتەواژەی «ڕەخنە لە لیبراڵیزم وەک نەخۆشـییەکی دەروونی» دەکرێت بەکارهێنەرەکەی ڕووبەڕووی دادگا و ســـزادانیش بکاتەوە. لێدان لە نەیاران و جیاوازبیرکەرەوان بە میکانیزمە دەروونییەکان، لە مێژوودا تەنها میکانیزمی هێز و بزووتنەوە دەســـەڵاتخواز، ڕاســـترەو، کۆنەرڤاتیڤ و دژە-دیموکراتییەکان بووە.

## ژن وەک دایک و ژینگە وەک دەشت و کێو

لە دوا پرســـــیاری ژنەفتن لە **بەختیار عەلی** دەربارەی پرســــــی ژن و ژینگە، کە بۆچی ڕۆشـنبیرانی بازنەی ڕەهەند فەرامۆشـیان کردووە، نووسـەر دوو پرس دەوروژێنێت کە شـایانی ئەوەن کەمێک هەڵوەسـتەیان لەســـەر بکەین، سـەبارەت بە ژن دەڵێت «ئەوەی بمانەوێت باس لە ژن بکەین، بێ ئەوەی ڕوانینێکمان هەبێت بۆ مرۆڤ بە گشـــــتی، بۆ ئازادی، بۆ دەســـەڵات، بۆ بونیادی کولتووری، بۆ بونیادی عەقڵ، بۆ پێکهاتی سـیاسـی و کۆمەڵایەتی، ئەوا ناتوانین لە هەندێ ڕســـتەی کلێشـــەیی و هەندێک دروشـــم زیاتر هیچ دیکە بەرز بکەینەوە» و ســـەبارەت بە پرســـی ژینگەش «تا نیگامان بۆ ســـروشـــت لەو تێڕوانینە سـیاسـییە پاک نەکەینەوە، ناتوانین جارێکی تر ســـروشـــت وەک خۆی، وەک ســـروشـــت ببینین. لە ڕۆمانی «ئێوارەی پەروانە» و «کۆشـــکی باڵندە غەمگینەکان»دا هەوڵ مداوە کەم تا زۆر، جارێک سروشت وەک ڕزگارکەر و جارێکیش سروشت وەک شـوێنی جوانی و حەقیقەتی ڕاسـتەقینە وێنا بکەم. عەشـقسـتان لە ئێوارەی پەروانەدا، میتافۆرێکە بۆ ســروشــت وەک ڕزگارکەر، وەک دوا پشــت و پەنا و پەرێزی مرۆڤەکان، ڕزگارکەرێک کە ناتوانێت بە تەنیا مرۆڤەکان بپارێزێت، ئەگەر مرۆڤەکان بەڕاســـتی یەکتریان خۆش نەوێت. لە کۆشـــکی باڵندەکانیشـــدا ناو ســـروشـــت تەنیا جێگایەکی

ڕاســـتەقینەیە کە مرۆڤ تێیدا هێزی خۆی، عەشـــقی خۆی تاقی دەکاتەوە»[٤٧]. دەکرێت چۆن ئەم دوو بۆچوونە هەڵبسەنگێنین؟

بە دڵنیاییەوە ئەم بۆچوونانەش وەک زۆربەی ئەو ڕوانگانەی تا ئێستا ڕاڤەمان کردوون تازە نین و ڕیشەیەکی کۆنتریان هەیە: کورتکردنەوەی کێشەی ژن بۆ کێشەی مرۆڤ بە گشتیی و کورتکردنەوەی پرسی ژینگە و کەش و هەوا بۆ پرسێکی کۆنزەرڤاتیڤی وەک ژینگەگەرایی و ســروشــتپەرســتیی کە ئەمڕۆ لە بزووتنەوەی «پێگیدا» لە ئەڵمانیادا بە فراوانیی گەڕاوەتەوە. بەڵام ئەگەر هەنگاوێک بگەڕێینەوە دواوە، شــۆڕشـــی فەڕەنســـی ســـەرەتایەک بوو بۆ دەرکەوتنی ژن لەســـەر ســـەکۆی ســـیاســـی، یاخود دەکرێت بڵێین هەستکردن بەخۆی وەک ژن. لەگەڵ زیاتر گەشەسەندنی بزووتنەوە جەماوەرییەکان و تەقینەوەی لە شـــۆڕشـــەکانی نێوان ١٧٨٩-١٨٤٨ و پاشـــان کۆمۆنەی پاریس، ١٨٧١دا، سەرهەڵدانی بەرچاوی ژن وەک بوون و کیانێکی سەربەخۆ زیاتر دەرکەوت.

لەبەر ئەوە گەشـــەســـەندنێکی دیکەی کۆمەڵگای جەماوەری، وەرچەرخان و گۆڕانی هەنگاو بەهەنگاو بوو کە ژنانیشـــی دەگرتەوە و کاریگەریی لەســـەر پێگەی ئەوان دادەنا. تا دوایین ســـەردەمی مۆدێرن، ژنان بەگشـــتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی گشـــتی وەدەرنرابوون و لەڕووی ســیاســـی و ئابوورییەوە وابەســـتەی پیاوان کرابوون. مافی دەنگدانیـان نەبوو، بۆیـان نەبوو بڕۆنە نـاو دامەزراوە ئەکـادیمییەکـانەوە، و مـافە ئـابوورییەکەیـان ئێجگـار ســـنووردار بوو. بۆ نموونە، لە بریتـانیـای بەڕادەیەک پێشـکەوتووتردا، تەنها لە سـاڵی ١٨٨٣دا ئەو بڕیارە هەڵوەشـایەوە کە لە ژنانی قەدەغە کردبوو ببنە خاوەنی موڵک هەرکە شوویان کرد، و بەشداریشیان لە جیهانی کاردا، زۆر

[٤٧] بەختیار عەلی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ژنەفتن، https://jineftin.krd/2021/10/09/%d8%af%db%95%d8%b1%d8%a8%d8%a7%d8%b1%db%95%db%8c-%d9%86%db%8e%d9%88%db%95%d9%86%d8%af%db%8c-%da%95%db%95%d9%87%db%95%d9%86%d8%af-%d9%88-%da%af%db%86%da%a4%d8%a7%d8%b1%db%8c-%da%95%db%95%d9%87%db%95-4/

سنووردار بوو. ژنانی چینەکانی خوارەوە هەرزانترین جۆری کاریان لە یەکەی پیشەسازیدا پێشکەش دەکرد و داهاتیشیان بەکەڵکی ژیانی مەمرە و مەژی دەهات و یاخود لە ماڵەکانی چینە باڵاکاندا وەک کارەکەر کاریان دەکرد لە کاتێکدا ژنانی چینی ناوەڕاست ڕەزامەند بووبێتن یان نا، دەبوو خەریکی بەخێوکردن و گەورەکردنی منداڵان بن و کاروباری ماڵەوە بەڕێوە بەرن. بارودۆخی شتەکان لە ڕێگای دوو خواستی تێکەڵی ئایدیۆلۆژییەوە ڕەوایەتی پێ دەدرا: دەگوترا ژنان بە سروشت نزمترن و هەروەها پیادەکردنی پرەنسیپی «بوارە لەیەک جیاکان» بەو پێیەی جیاوازییە ناوەکی و سروشتییەکانی نێوان ڕەگەزەکان (سێکسەکان) بوونیان هەیە کە هاوکات جیاوازیی کردەوە و ڕەفتاریش دیاری دەکەن. لە دوای شۆڕشەکانی ١٨٤٨ـەوە پرسەکە زیاتر بە سیاسی دەبێت و لە کۆمۆنەی پاریس لە ١٨٧١دا ژنان بەشدارییەکی بەرفراوان دەکەن. بۆ نموونە دروشمی «برایەتی»ی شۆڕشی فەرەنسیی ١٧٨٩ دەگۆڕن بۆ دروشمی «سۆلیداریتی»(هاوپشتی). تا کۆتاییەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم، و شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیا، ١٩١٧، ئیتر شتێک نەمابووەوە بەوەی ژن بگەڕێنرێتەوە دواوە.

لە دوای جەنگ، قسە لەسەر مۆدێلی «ژنی نوێ» دەکرا: زۆر سەربەخۆ، متمانەی بە خۆی و بە تواناکانی، ئاستێکی گەورە و بەرچاوی دەربڕینی بیر و ڕا و چێژی خۆی، ڕێک دەخات و زیاتر و زیاتر ئازایانە هەست و سەربەخۆیی ئیرۆتیکی و سێکسوالی خۆی وەردەگرت و دەچووە دەرەوەی حەرەمی ماڵەوە، کەمتر لە لایەن پیاوەوە ئامۆژگاری دەکرا و کەمتر فەرمانی پێ دەکرا «وەک ژنێک» خۆی پۆشتە بکات و جل لەبەر بکات: زۆربەی ژنان قژیان کورتتر دەکردەوە، کە لەمەوە لە ڕۆڵی دیاریکراوی نەریتی ژنانەیان دەدا، جلوبەرگی ژنان کورتتر دەبووەوە و بۆ یەکەمجار ژنان دەستیان کرد بە لەبەرکردنی پانتۆڵ[٤٨]. بزووتنەوە ڕاستڕەوەکان، کۆنزەرڤاتیڤ و فەلسەفە

---

[٤٨] بۆ زانیاریی لەسەر سەد ساڵەی خەباتی ژنان و بەدەستهێنانی مافەکانیان، بگەڕێنەوە بۆ لێکۆڵینەوە بایەخدارەکەی ليندسەی جێرمان:

کۆنەپارێزەکان، هەموو هەوڵیان ئەوە بوو ژن بگەڕێننەوە شوێنی خۆی، خزمەتکاری و پاشکۆیەتی. وەک مێژوونووس ئەندریاس هویزن لە بەشێکی کتێبەکەیدا، بەناوی «کولتووری جەماوەری وەک ژن» باسی دەکات: «لە لێکۆڵینەوەکانی [گوستاڤ] لوبۆندا دەربارەی ترسی پیاو لە ژن و ترسی بۆرژوازی لە جەماوەر شتێکن تێکەڵی یەکترن و لە یەکتر جیا نابنەوە: 'قەرەباڵغییەکان لە هەموو شوێنێک بە خەسڵەت و تایبەتمەندییە ژنانەییەکانەوە جیا دەکرێنەوە»[49].

بەڵام کاردانەوەکان بۆسەر ژن لەوە دەرچوو بەسانایی بگەڕێنرێتەوە دواوە، فاشیزم دوایین هەوڵی گەڕاندنەوەی ئیرادەی پیاو بوو بۆ دەسەڵات. بۆ نموونە نووسەر و هونەرمەندێکی وەک ویندهام لویس، کە پشتیوانی لە هیتلەر و موسۆلینی کرد، لە ١٩٢٧، لە کتێبەکەیدا بەناوی ***ڕۆژگار و پیاوی خۆرئاوایی***دا دەربارەی ئەو «ئیرادە» کوێرە دەنووسێت بووەتە هۆی ئەوەی ڕۆژانە ملیۆنان ژن، کە پێشتر هەرگیز نەبینراوە، بە شێوەیەکی فراوان بڕۆنە بازاڕەکانی جلوبەرگ و جۆرە پۆشاکێک بپۆشن کە نەریتی ژنانەی پێوە نەماوە[50]. یاخود بۆ نموونە موسۆلینی خۆی لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ ئێمیل لودڤیگ، دەڵێت: «قەرەباڵغیی پیاوە بەهێزەکانی خۆش دەوێت. قەرەباڵغی وەک ژنێک وایە [...] ژنان هەرگیز ناتوانن کاریگەری لەسەر پیاوانی بەهێز دابنێن [...] دەبێت ژن ڕۆڵێکی ناچالاکی هەبێت. ژن شیکارییە نەک کۆتێز. ئایا لە هەموو سەردەمەکانی شارستانێتییدا هەرگیز ڕوویداوە ژنێکی تەلارساز هەبێت؟»[51]. لەگەڵ ئەوەی فاشیزم سەرکەوتوو بوو لەوەی هەندێک لە ژنانیش لەناو ڕیزەکانی خۆیدا یەک بخات، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت ژن وەک ژن ئامادە بووبێت.

---

Lindsey German, *How a Century of War Changed the Lives of Women*, Pluto Press, London, 2013.

[49] Andreas Huyssen, *After the Great Divide: Modernism, Mass Culture, Postmodernism*, Indiana University Press, Bloomington, 1986, pp.52-53.

[50] Wyndham Lewis, *Time and Western Man*, Beacon Press, Boston, 1957, p.321.

[51] Emil Ludwig, *Talks With Mussolini*, Little, Brown, and Company, Boston, 1933, pp.62 and 112.

دوای کەوتنی فاشــیزمی مێژوویی، ئەم جارە بزووتنەوە ڕاســتڕەوەکان کۆچیان بۆ نێو گوتاری ڕۆشــــنبیری و ئەکادیمی کرد، چیتر ئەو دەرفەتە نەمابووەوە ڕاســــتەوخۆ بەم جۆرە هێرش بکرێتە ســـــەر ژنــان، بەڵکوو ئەم جــارە بە ڕیزکردن و دانــانی لەژێر کاتیگۆرییەکی ئەبســتراکت و ڕووتی وەک «مرۆڤ» یان «کێشــەی بوونگەریی مرۆڤ» هەوڵ دەدرا پرســەکە ون بکرێت. ئێســتاش بزووتنەوە ڕاســتڕەوەکان بەڕاشــکاوی باس لەوە دەکەن کە «مرۆڤ بەگشــــتی کێشـــــەی هەیە نەک تەنها ژن»، بەڵام ئامانج لەم بەگشــتیکردنە هەم هێشــتنەوەی نەزمی هیرارشــی و هەڕەمییەتی پیاوســالاری هەزاران ســاڵە و دەســەڵاتی نێرینەییە کە ئێســتا بە هۆی ئامادەیی فراوانی ژنانەوە هەڕەشــەی لەسەرە و هەمیش شاردنەوەی ڕزگاریی گروپە ژێردەستە و چەوساوەکانە. مادام گوایە شتێک هەیە دەچەوسێنرێتەوە ئەویش مرۆڤە بەگشتی، کەواتە باسکردن لە چارەسەری کێشــــەی ژن، لاوازکردنی پرســـــی مرۆڤە. ئەم ئـایدیـایە بە فراوانی لە فەلســـــەفەی بوونگەراییدا هەیە و کێشـــەی ســیاســیی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی ژن بە ئۆنتۆلۆژی دەکات و لەناو پرسی ئۆنتۆلۆژیای ڕووتی فەلسەفیدا دەیتوێنێتەوە.

تاکتیکەکانی بزووتنەوە ڕاســــتڕەوەکانی ئەمڕۆ بۆ ئەم مەبەســــتە گۆڕانیان بەســـــەردا هاتووە. ئێستا دەبینین لە لوتکەی حزبە سیاسییە پۆپۆلیستەکاندا ژن هەن، ئەلیس ڤایدل وەک هاوســـــەرۆکی پارتی نیۆنازیی ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەڵمانیا، مارین لوپێن وەک ڕابەری بەرەی نەتەوەییی فەڕەنســـا، جیۆرجیا میلۆنی، ژنەڕابەری پارتی برایانی ئیتاڵیا، ســیلڤیە لیســتهاوگ، ڕابەری پارتی ڕاســتڕەوی پێشــکەوتن لە نەرویژ، پیا کییەرسـگارد، ڕابەری پێشــووی پارتی ڕاســـتڕەوی گەلی دانیمارکی و هتد، هەموویان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە کێشـــەی ئەمڕۆ چیتر بریتی نییە لە کێشـــەی ژن، بەڵکوو کێشـــەکە، کێشـــەی مرۆڤە بەگشـــتی و مەبەســـتیشـــیان مرۆڤی ســـپییێســـتی خۆرئاواییە. یان لە ســـەروبەندی خۆپیشـــــاندان و ناڕەزایەتییەکانی ژنان بۆ جێگیرکردنی مافی لەباربردن لە ئەمریکای

لاتینەوە تا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، وەڵامی ڕاستڕەوەکان بریتی بووە لەوەی ئەم مافانە کێشە بۆ وجود و کەرامەتی مرۆڤ دروست دەکەن.

نموونەیەکی دیکەی سادەکردنەوە و ونکردنی خەباتە دیاریکراوەکانی ئەو گروپە ژێردەستانەی بەدرێژاییی مێژوو وەک گروپی لاواز و سەرکوتکراو مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، خەباتی ڕەشپێستەکانی ئەمریکایە. دوای ئەوەی جۆرج فلیۆد لەلایەن پۆلیسێکی ڕاستڕەوی ئەمریکییەوە لە ٢٠٢٠ کوژرا، بزووتنەوەی سەرتاسەریی «بلاک لایڤس ماتە» (ژیانی ڕەشپێست گرنگە) لە ئاستی جیهانیدا سەری هەڵدا، خێرا وەڵامی ڕاستڕەو و کۆنزەرڤاتیڤەکان ئەوە بوو کە «ئۆڵ لایڤس ماتە» (هەموو ژیانەکان گرنگن) بۆ بێ بەهاکردن و وەستاندنی پێشکەوتنی بزووتنەوەی چالاکوانانی ڕەشپێست بوو. بەبێ گومان مرۆڤێکی سپی پێستی ئەمریکی بەدرێژاییی مێژوو یەکسان نەبووە بە مرۆڤێکی ڕەشپێست، کەواتە کورتکردنەوەی خواستێکی دیاریکراوی ڕزگاریخواز لە قۆناغێکدا و تواندنەوەی لەنێو کاتیگۆرییە گشتییەکاندا، ئامانج لێی وەستاندنی ئەم خەباتە بووە و ئەمەش هەمیشە ستراتیژ و تاکتیکی بزووتنەوە ڕاستڕەوەکان بووە بە درێژایی ئەم سەد و پەنجا ساڵەی ڕابردوو.

ئێستا ئەگەر بڕگەی دووەمی وەڵامەکەی بەختیار عەلی سەبارەت بە پرسی ژینگە هەڵسەنگێنین، ئەویش ڕیشەی دیسان لەناو هەمان ئەو بیرە کۆنزەرڤاتیڤەدا هەیە. جگە لەوەی سروشت وەک دار، درەخت، دارستان، شاخ و خاک، ڕۆڵێکی بنچینەیی لە ئایدیۆلۆژیای نازییدا هەیە و تەنانەت شکستی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لەو جوگرافیایەی ئەمرۆ پێی دەگوترێت ئەڵمانیا، لەلایەن هۆزە ژەرمەنەکانەوە و بە ڕابەرایەتیی ئەفسەری ڕۆمانی بە ئەسڵ چیرۆکی، ئارمینوس (هێرمان)، کە ناوی ئارییش لەوەوە هاتووە، لە ئەفسانەی ئەڵمانییدا وەک یارمەتیی خاک و دارستانی ئەڵمانی لێک دەدرێتەوە و ئەم ئەفسانەیە بەردەوام سەرمایەگوزاریی لەسەر ئەوە کردووە کە خاک و کێو و هەوای

ئەڵمانیا، ڕەگەزی پاکی ئاری بەرهەم هێناوە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەڵمانیا ببێتە خاکی بیرمەندان و شاعیران (*Denker und Dichter*). لێرەوە ئایدیۆلۆژیای ***خوێن و خاک*** (*Blut und Boden*) سەری هەڵداوە کە دروشمێکی ناسیۆنالیستییە و دەڵێت خوێنی نەتەوەیی یان ***جەستەی گەل*** (*Volkskörper*) بەستراوەتەوە بە ناوچەیەکی بەپیتی نیشتەجێبوون کە خاکە (*Boden*). لەسەر ئەم بنەمایە نازییەکان، پەرەیان بە چەمکی ئیمپریالیستیی هێرش بۆ سەر خۆرهەڵات(*Lebensraum*)دا و دەیانگوت ئەو گەلانەی جەستەی نەتەوەیی و خوێنیان بەناخی خاکدا وەک ڕەگی دار نەچووەتە خوارەوە، ئەوا بریتین لە «گەلی بێ شوێن» (*Volk ohne Raum*) و مافی مانەوەیان نییە. لەبەر ئەوەشە، ئەگەر سەیری هونەر و ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی ناسیۆنالیستی سەدەی نۆزدە و سینەما و ئەدەبیاتی سەدەی بیست لەناو ڕاستڕەوەکاندا بکەین، تێماکانی کۆچ بەرەو دارستان، گوند و سووکایەتی بەشار و پەرستنی ژینگەی سروشتی و سەرهەڵدانی تێماکانی ژانری فیلمەکانی چیا (*Bergfilme*) تێما و بابەتی هەرە ئازیز و خۆشەویستی کۆی بزووتنەوە ڕاستڕەوەکان بووە[٥٢].

بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە جەختی لەسەر بکەینەوە، بەجێهێشتنی سیاقە مێژووییەکەیە و سەیرکردنی گەشەسەندنەکانی ئێستایە. هەمووان دەزانن سەرمایەداریی نیۆلیبرال ئێستا هەڕەشە لە مانەوەی زەوی دەکات، تەنها هەسارەیەک توانای ژیانی تێدا بێت، خەریکە لەدەست دەچێت، ئەمەش شتێکی خواکرد و سروشتی نییە، بەڵکوو مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لێی بەرپرسە. ناچینە ناو ئەم بابەتەوە، چونکە پێم وایە بە ڕادەیەکی فراوان بۆ هەمووان ڕوونە، بەڵکوو باسی کاردانەوەی ڕاستڕەوەکان دەکەین کە دەیانەوێت ئێستا بزووتنەوە جەماوەرییەکانی گۆڕانی کەش و هەوا و ژینگە

[٥٢] بۆ زانیاریی زیاتر بگەڕێنەوە بۆ: پێشڕەو محەمەد، لەکۆدگۆڕینی کانتەوە بۆ تیۆری فیلم: دەروازەیەک بۆ فینۆمینۆلۆژیای ماتریالیستی زیگفرید کراکاوەر، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢١.

بووەستێنن ئەویش بە دانانی ئەو تاکتیکانەی کە ڕیشەیەکی مێژووییان هەیە. بۆ ئەم مەبەستە ئێمە ئێستای ئەڵمانیا بە نموونە وەردەگرین.

لە ٢٨ی ئایاری ٢٠٢٠دا، بیۆرن هۆیکە، ڕابەرێکی پارتی نیۆنازی، ***ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەڵمانیا*** (*AfD*)، لە هەرێمی تۆرینگن، وێنەیەکی ڕووناکی خۆی لە پرۆفایلی فەیسبووکی خۆیدا بڵاوکردەوە. لە وێنەکەدا، هۆیکە دەبینین لەسەر کورسییەکی پارکێک دانیشتووە، و گۆڤارێک دەخوێنێتەوە بە ناوی «Die Kehre» (گۆڤاری پارێزگاریکردن لە سروشت)، گۆڤارێکی ڕاستڕەوی فاشیست کە یەکەم ژمارەی لە بەهاری ٢٠٢٠دا بڵاو کرایەوە. وەک خۆپێناسەکردنی گۆڤارەکە باسی دەکات، ناوونیشان و ناوەرۆکەکەی «کاریگەرە بە» وتاری «پرسیار دەربارەی تەکنیک و وەرچەرخان»(*Die Frage nach Technik und die Kehre*)[53]ی مارتین هایدیگەر، یەکێک لە دوو نووسراوەکانی پاش-جەنگی فەیلەسوفەکە، بەگوێرەی گۆڤارەکە، «لەو نووسراوەیەدا، هایدیگەر تەکنەلۆژیا وەک دەرکەوتن و سەرهەڵدانی بەرزترین مەترسیی» بۆ /بوونی ئێمەی مرۆڤ» دەبینێت. گۆڤارەکە، بە سەرپەرشتی ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەوەی پێی دەگوترێت ***بزووتنەوەی شوناسخوازی*** دەردەچێت، ئامانجی فەراهەمکردنی تێگەیشتنێکە لە پارێزگارییکردنی ژینگەیی، کە بەسەر «تەرکیزی بەرتەسک و سنوورداری ئیکۆلۆژیا لەسەر گۆڕانی ژینگەیی»دا زاڵدەبێت، و گۆڤارەکە باس لەوەش دەکات کە «پەروەردەی ژینگەیی بە شێوەیەکی گشتی، بە دیمەنە کولتوورییەکان، عادەتەکان و خو و نەریتەکانەوە» دەگرێتە خۆی[54].

---

[53] تێبینیی ئەم وتارە بەناوی پرسیار دەربارەی تەکنەلۆژیا لە زمانەکانی جیهاندا ناسراوە و هەرواش بۆ هەموو زمانەکان وەرگێڕدراوە.بەڵام لەبەر وننەکردنی ناوەکە و پەیوەندیی بە گۆڤارەکەوە بەم جۆرە دامانناوەتەوە.

[54] Die Kehre, *Zeitschrift für Naturschutz,* Heft 1, Frühjahr, 2020 https://die-kehre.de/product/die-kehre-fruehjahr-2020-heft-01/

بە پشت بەستن و گەڕانەوە بۆ هایدیگەر، بزووتنەوەکە بە شێوەیەکی فیکری/ڕۆشنبیری ڕوانگە و بیرکردنەوەی خۆی بۆ بزووتنەوەیەکی پارێزگاری ژینگەیی مانابەخش وەک بەشـــێک لە پارێزگاریکردن لە نیشـــتمان، *Heimat*، وەک یەکێتییەکی ســـروشـــتی نـاوچەیی/هەرێمی، کولتوور و میرات دژی بەجیهـانیبوون، جێگیر و جێکەوت دەکـات. گۆڤاری ناوبراو، *Die Kehre*، بەڕوونی ئەمەی لە سەروتاری دامەزراندنی خۆیدا باس کردووە. لێرەدا، ڕۆحییەتی هایدیگەر دژی عەقڵانییەت و تەکنەلۆژیا دەوەســـتێتەوە و هەروەهـا تێگەیشـــتن و چەمکەکەی بۆ بیرکردنەوەیەکی ڕیشـــەداکوتـاوی نـاوچەیی (*Lokalismus*)، بووەتە خۆراکی هەوڵی ڕاستڕەوەکان بۆ بانگەشـەی ئینڤایرۆمێنتالیزم (پارێزگاریکردن لە خاک و ژینگەی ســروشــتیی ئەڵمانیا دژی ئەو بزووتنەوانەی داوای وەستاندنی گۆڕانی کەش و هەوا دەکەن).

بەشـــێکی ســـەنتراڵی ئەم ســـتراتیژییە بینینی پارتی ســـەوز و بزووتنەوە چەپەکانی پارێزگاریکردن لە سـروشـت وەک کۆمەڵە تەکنۆکراتێک کە عەقڵانییەتێکی سـنووردار و بەرتەســکی زانســتی پاڵنەریانە لە تەرکیزکردنە ســـەر گۆڕانی کەش و هەوا. بە پشــت بەسـتن بە نەریتێکی دوور و درێژی نەریتی پارێزگاریکردن لە نیشـتمان، ڕاسـتڕەوەکان دەیانەوێت دژی ئەم بزووتنەوە نوێیە بووەســـتنەوە لە ڕێگای دانانی خۆیان نەک وەک بەرگریکارانی ژینگە، بەڵکو وەک بەرگریکارانی ســروشــت وەک بەشـێکی مانابەخشـی نەریتە ناوچەییەکان، میرات و بەشـی جەوهەریی شـووناسـێکی سـپیپێسـتی نەتەوەیی. لێرەدا بزووتنەوە جیهانییەکانی پارێزگاری ژینگەیی وەک دەرکەوتەی ئەو شتە دەبینرێن و ســـەیر دەکرێن کە هـایـدیگەر پێی دەگوت *Gestell*: خوێنـدنەوەیەکی ڕووتی عەقڵانییانەی سـروشـت و جیهان وەک شـتێک کە مرۆڤەکان توانای گۆڕینیان هەیە. لەم ڕووەوە بێ هۆ نییە، ئەم ڕابەران، ڕۆشــنبیران و ســیاســەتمەدارانی ئەم پارتە تەنانەت نکوڵیی لە گۆڕانی کەش و هەوا دەکەن و پێیان وایە ئەم بزووتنەوە «ئایدیۆلۆژیسـتانە»

دژ بە «ژینگەی سروشتی، ڕۆحی دارستان» و هتد ئەڵمانین تا کار دەگاتە ئەوەی بیاتریش فۆن شتۆرش، ڕابەری پارتی ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەڵمانیا بڵێت «گەرمبوونی گۆی زەوی» پەیوەندی بە سەرمایەدارییەوە نییە بەڵکوو «خەتای خۆرە» و بڕۆن «لە خۆر بپرسن بۆ گەرم دەبیت»[55]. هەڵبەت ئەم دیاردەیە تەنها ئەڵمانی نییە، کۆی بزووتنەوە ڕاستڕەوەکان و سیاسەتمەدارە نیۆفاشیستەکان لە دۆناڵد ترەمپەوە بۆ ژایر بۆلسۆنارۆی بەڕازیل، نکوڵی لە گۆڕانی کەش و هەوا دەکەن و زاڵبوونی ئەم بزووتنەوەیە بە «پیلانگێڕیی مارکسیستی» لە قەڵەم دەدەن.

[55] Wir sollten die Sonne Verlklagen, http://jusos-nby.de/archive/1068